گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/vkcdf124

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 10/04/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 30/07/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/12/2025

# سەرەتاكانی یەكتاپەرستی لە میسرو عێراقی كۆن: لێكۆڵینەوەیەكی مێژوییە

**ڕێبوار حسێن ڕەسوڵ[1] - عماد عبدالقادر محمد سعید[2]**

[1+2]بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

imadabid73@uor.edu.krd - rebwar.131123032@uor.edu.krd

**پوختە:**

ئاین، پێویستیەكی گرنگی ژیانی مرۆڤە، بەواتایەکیتر هەر لەوكاتەوەی مرۆڤ هاتۆتە سەر زەوی و پرۆسەی ژیانكردنی دەستپێكردوە، پێویستی بە ئاین هەبوە، کاتێ دەگوترێ (ئاین)، مەبەست ئەوەیە مرۆڤ چۆن بتوانێ لە خودناسییەوە خوێندنەوە بۆ بوونناسی و سروشت و ئەودیو سروشت بكات و هەنگاوبنێ چۆن لەگەڵ ئەو دیاردانەی لە دەوروبەریدا تێكەڵاوی دروستبكات.

مرۆڤی دێرین لە هەردو شارستانییەتی میسر و عێراقی كۆن، وەک هەر مرۆڤێكی ئاسایی لە شارستانییەتەكانی تردا بەدوای پێویستە ئاینییەكانی خۆیدا گەڕاوە، بۆ ئەو مەبەستەش بۆ پارێزراوبونی لەو دیاردانەی نەیناسیون و پێیوابوە كاریگەری لەسەر ژیانی هەیە (بە چاكە یان بە خراپە)، بۆیە كەوتۆتە بەپیرۆزكردنی و پاشان ئەو پیرۆزكردنە هەڵكشاوە بۆ بەخواوەند كردن، لەسەرەتادا دیاردەكە زۆر خواوەندی لێ كۆبۆتەوە، بەڵام دواتر ئەو زۆری خواوەندیە وردەوردە كەم دەبێتەوە بەهۆی گۆڕانكاری ئاینی و سیاسی و هۆشیاربونەوەی كۆمەڵگە، بەجۆرێك لە سەردەمەكانی دواتر لە هەردو شارستانییەتەكە سەرەتاكانی یەک خواوەندی (تفرید) یان یەكتاپەرستی (توحید) دەردەكەون و یەكبونی ئاینی و سیاسی كاریگەری دەكاتە سەر یەكبونی خواوەندەكانیش، هەرچەندە دەركەوتنی یەكتاپەرستی لە میسری كۆن و عێراقی كۆندا جیاوازیان هەیە، بەڵام كۆمەڵێک خاڵی هاوبەشیش هەن جێگەی باسكردن و هەڵوەستە لەسەر كردنن، بەجۆرێک ڕەنگە چەندین توێژینەوە هەڵبگرێت بۆ خوێندنەوەی هۆكارو پاڵنەرەكانی پشتی بیرۆكەی یەكتاپەرستی و ئەو ڕێگە و شێوازانەی لەو زۆری خواوەندانە گەیشتون بە یەک خواوەندی یان یەكتاپەرستی تەواوەتی، بۆیە توێژینەوەیەكی لەو جۆرە بەناونیشانی (سەرەتاكانی یەكتاپەرستی لە میسرو عێراقی كۆن، لێكۆڵینەوەیەكی مێژوییە)، هەڵدانەوەی لاپەڕەكانی مێژوی دێرینە بۆ پرسی یەكتاپەرستی و لە چەند تەوەرەیەكدا ئەو بابەتە خراوەتەڕو.

**کلیلە وشە:** میسر، عێراق، ئاین، یەكتاپەرستی.

# The Initial of Mononotheism in Ancient Egypt and Iraq: It Is the Historical Investigation Study.

**Rebwar Hussein Rasul[1] - Emad Abdulqadir Mohammad Saeed[2]**

[١+2] Department of History, College of Humanities, Raparin University, Ranya,

Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Religion has always been an important part of human life. In other words, ever since humans first appeared on Earth and began living in organized ways, they have felt a need for religion. By religion, we mean how people understand the world and themselves, and how they interact with the things around them.

In ancient times, people in Egypt and Iraq, like people in other civilizations, created religious beliefs to protect themselves from natural events they didn't understand but believed had power over their lives. Because of this, they started to treat these natural forces as holy, and over time, this led to the belief in gods. At first, there were many gods. But over time, due to religious changes, political developments, and growing awareness in society, the number of gods decreased. Eventually, in both ancient Egypt and Iraq, the idea of believing in one god (monotheism) began to appear. Political and religious unity also played a role in bringing the idea of one god to the front.

Still, there are many interesting and important points to explore about this topic. It would take several studies to fully understand why people moved from believing in many gods to believing in just one, and how this change happened. Therefore, this study with the title "The Beginnings of Monotheism in Ancient Egypt and Iraq: A Historical Study" aims to explore the monotheism in ancient history. This subject is discussed through several different topics

Keywords: Egypt, Iraq, Religion, Monotheism.

## پێشەکی:

ئەو لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە پرسی سەرەتاکانی یەکتاپەرستی لە میسری کۆن و عێراقی کۆن، دیارە لێکۆڵینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ پاشخانێکی مێژویی هەردو شارستانییەتی (میسرو عێراقی کۆن)، ئەو سەرەتا و دەستپێکەی هەردو وڵات لە بواری یەکتاپەرستی و یەکخواوەندیدا وەکو پرۆسەیەکی دورو درێژ دەستیان پێکرد، بۆ شیکارکردنی ئەو پرس و بابەتە لێکۆڵینەوەکە پشتی بە کۆمەڵێک سەرچاوەی ئینگلیزی و عەرەبی و زمانەکانی تر بەستوە، ڕاستە بابەتەکە لێکۆڵینەوەیە لە مێژوی کۆن، بەڵام پێویست بو ڕەئی و بۆچونی مێژونوسانی هاوچەرخیش لەبەرچاو بگیرێت، چونکە زۆر توێژینەوەو بەدواداچون بۆ ئەو بابەتە کراوە، لەبەرئەوەی پرسی ئاین تێکەڵیەکی زۆری بە ئایدیا و بیری مرۆڤەکانەوە هەیە ڕەنگە زیاتر لە هەر بابەتێکی تری مێژویی شیکارو لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابێ.

بەگشتی توێژینەوەکە جگە لە پوختە و پێشەکی و دەستپێک و دەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پەراوێز، لە دو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتوەو بەو شێوەیە ڕێکخراون:

تەوەرەی یەکەم: سەرەتاکانی یەکتاپەرستی لە میسری کۆن.

تەوەرەی دوەم: سەرەتاکانی یەکتاپەرستی لە عێراقی کۆن.

**ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:** ئامانج لەو توێژینەوەو لێکۆڵێنەوەیە گەیشتن و خستنەڕوی دیوێکی تری شاراوەی بابەتە ئاینییەکان و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی سەرچاوەکانە بۆ گەیشتن بە هەندێ دیوی شاراوەی بابەتی یەکتاپەرستی لەهەردو وڵاتی میسرو عێراقی کۆن، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە تیایدا تێڕوانینی مێژونوس و نوسەران دەربارەی بابەتی یەکتاپەرستی دەخرێتەڕو، لەهەمانکاتدا ڕۆڵی ئاین لە بوارەکانی ژیانی هەردو کۆمەڵگە و پیاوانی ئاینی و پاشا و سەرکردەکان و پەیوەستبونیان بە ئاین و گۆڕانکارییە ئاینییەکان باس دەکرێ.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەبەر ئەوەی توێژینەوەیەکی مێژویی – شیکارییە، بۆیە لە گواستنەوەی زانیاریەکاندا پشت بە میتۆدی گواستنەوەو شیکارکردنی بەشێک لە دەقەکان بەستراوە، ئەوەش لە پێناوی ئەوەی زانیارییە مێژوییەکان وەکو دەق مامەڵەیان لەگەڵ بکەین و لە شێواندن بەدوربن.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

١. ئایا یەکتاپەرستی لە سەرەتای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی یەوە دروستبوە؟

٢. هۆکارەکانی پشتی بیرکردنەوەی یەکتاپەرستی یان یەکخواوەندی چی بون؟

٣. ئایا هەمان بنەما و بنچینەی ئاین لەڕوی یەکتاپەرستی و ژیان و مردن لای میسرییە کۆنەکان و عێراقییە کۆنەکان وەکو یەک بوە؟ خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان چین؟

## دەستپێک:

لە ڕۆژانی سەرەتاییەوە لەسەر زەوی، مرۆڤ نەک تەنها هەوڵی داوە بژیت و گەشە بکات، بەڵکو ویستوشیەتی بزانن کێن؟، مرۆڤ بون مانای چییە؟ پرسیار لەبارەی خودەوە بکەن، ئەوەی لێرەدایە (تۆ، من، ئێمە) تەنیا پێدەچێت لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە لەوێیە (خوداوەندەکان، خوداوەند) مانای هەبێت، بەڕاستی خودی مرۆڤ چییە؟ ئەم شتە نهێنییە لە چی دروستکراوە؟ ئێمە پێمان وایە کە دەتوانین خۆمان باشتر بناسین کاتێک خۆمان لە بەرامبەر هەندێک خواوەندی تردا دەبینین، هەر لەبەر ئەمەشە بە ئاشکرا دەپرسن: پەیوەندی نێوان ئەم شتە خودیی و خوداوەندەکان چییە؟ (Putthoff,2020 :1).

مرۆڤ هەر بە زگماک هەستی ڕاڤەکردن و سۆراخ کردن و گرێدانی دیاردەکانی بەیەکەوە هەیە، پرسیارە نەمرەکانی مرۆڤ تاکە پاڵنەری مرۆڤ بون لەدوای نهێنییەکانی گەردون، پرسی ئەم جیهانە چۆن بەدیهاتوە و مرۆڤ بۆچی هاتوەو بۆچی دەمرێ و دوای مردن چی هەیە؟ بۆ وەڵامی ئەوەی گەردون چۆن بەدیهاتوە لەخۆی و ئاژەڵانی دەروانی کە هەمویان نێرومێن و بەو هۆیە کرداری زاوزێ ڕودەدا، هەر بۆیە سروشت و دیاردەکانیشی وا لێک دایەوەو ئاسمانی کردە نێرو زەوی کردە مێ، (قاشا،١٩٩٨ :١٠٩-١٣٤).

مێژونوسی میسری (احمد امین سلیم) کە پسپۆڕە لەبواری مێژوی کۆن پێیوایە کە هۆکاری پەیدابونی هەستی ئاینی لای مرۆڤایەتی ئەو ترسە بوە کە مرۆڤ بەرامبەر شتە شاراوەکان هەیبوە، زیاتر ترسی لە دیاردە سروشتیەکان هەبوە وەکو خۆرگیران یان ئاو لافاو، هەر ئەم هەستەبو کە وای کرد مرۆڤ ئەم دیاردانە بەپیرۆز بزانێ و هەندێکیان بپەرستێ تا ئەو بەرژەوەندیانەی بێننەدی و قوربانی بۆ ئەوانە بکا کە دەیەوێ خۆی لە شەڕیان لابدات (٢٠٠٢ :١٥٩).

لەناو ئاینداریدا بابەتێکی گرنگ هەیە ئەویش یەکتاپەرستییە[1]، یەکتاپەرستی لەڕوی زاراوەییەوە: پەرستن و گوێڕایەڵی تاکە پەرستراوێکە، بەمەش دەستەواژەی تەوحید لە تەفرید جیادەکرێتەوە، پێچەوانەو دژی یەکتاپەرستی چەمکی فرەخواوەندی (التعددية) (Polytheism) یە (اوکیل،٢٠١٦ :١٦).

پەرەسەندنی بیرۆکەی یەکگرتویی و یەکتاپەرستی و جەختکردنەوە لەسەر یەکبون لەگەڵ ئەو خوداوەندە زۆرانەی کە لە دەقەکانی عێراقی کۆن و میسریدا دیارەو بە تێپەڕبونی کات زیاددەکات، خوداوەند لە ئاینە فرە خوداوەندەکاندا بریتییە لە خستنەڕوی گەردونێکی ماناسازی هاوبەش واتە وا دەکات خوداوەندەکانی کولتورە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتردا هاوتا بکرێن، ئاینە خێڵەکییەکان ئەو دەسەڵات و ڕۆحە باوباپیرانانەی کە هۆزێک دەیپەرستن جیاوازن لەوانەی کە هۆزێکی تر دەیپەرستن، ئەمە وا دەکات خوداوەندێک بەراورد بکرێت بە خوداوەندەکانی تر کە سیفەتی هاوشێوەیان هەیە، لێکچونی خوداوەندەکان وا دەکات ناوەکانیان بە یەکتر وەربگێڕدرێت، (Assmann,2004 :24). یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی لێکۆڵینەوە لە ئاینە گەورەکانی یەکتاپەرستی ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت لە مێژویەکی نزیکی بەردەوامەوە دەست پێبکات، بەڵام ئەمە بۆ ئاینە نایەکتاپەرستەکان – هاوبەش دانەران ئاسان نییە، چونکە بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکانی بیروباوەڕو دەستکاریکردن لە شێوازەکانی بەکارهێناندا، بە پەرەسەندنێکی وردەوردەی سیستەمێکدا تێپەڕیوە کە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش مێژو، (ساکز،١٩٧٩ :٣٣٨).

بۆیە توێژەران دابەشبون بەسەر دو گروپدا: کۆمەڵێک لەوان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئاین لەشێوەی خورافات و بتپەرستی دەستپێکردوەو مرۆڤ بەدرێژایی نەوەکان دەستیکردوە بەپێشکەوتن لەئاینەکەیدا تا گەیشتە بیرۆکەی (یەکتاپەرستی)، گروپی دوەم: دوای ئەوەی بڕیاریاندا لەڕێگەی میتۆدی زانستییەوە سەلماندیان کە بیرۆکەی یەکتاپەرستی یەکەم ئاینە کە مرۆڤ ناسیویەتی، (عليان &الساموك،١٩٧٦ :٣٠).

کەواتە یەکتاپەرستی دیدگایەکی گشتییە بۆ: ڕاستی، بۆ جێکەوت، بۆ جیهان و شوێن و کات و مێژوی مرۆڤایەتی، بۆ چارەنوس و لەکرۆکیدا ئەم پرەنسیپانە بەشێوەیەکی شاراوە هەن وەکو(دوالیزمی، وێناکردن، ئامانجداریی، توانای مرۆڤ و ئامادەیی سروشت بۆ ڕامکردن، بەرپرسیاریەتی و لێپرسینەوە)، (فاروقی،٢٠١٩ :٣٦-٤٢).

## تەوەرەی یەکەم: سەرەتاکانی یەکتاپەرستی لە میسری کۆن:

میسر وەک وڵاتێک دەرکەوت کە لە خوداوەندەکانەوە نزیکە، خوداوەندەکان لەشێوەی وێنەی پەرستنی جۆراوجۆردا کە لە پەرستگاکاندا دەرکەوتن وڵاتیان کۆنترۆڵ کرد، ژمارەیەکی زۆر لە کاهین هەبون کە بەردەوام کاریان دەکرد، بۆیە سەیر نییە کە میسر لەکۆندا بە (پیرۆزترین وڵات) یان (پەرستگای جیهان) ناوزەد کرابێت، (أسمان،٢٠٠٥ :٢٠٥).

بیروباوەڕی میسرییەکان چەند سیما و بنەمایەکی تایبەتی هەبوە، وەکو **فرەخواوەندی** و **پەرستنی سروشت** و **هەبونی ژیان یان ڕوح** لە شتی تردا، لەبەر ئەوە فرەپەرستن زۆر هەبوە، پەرستراوەکانیش هەمەجۆر بونە لە ئاژەڵ و مرۆڤ، بۆیە مێژونوسێکی وەکو هیرۆدۆت دەڵێت:(میسریەکان میللەتێکی لەخوا ترسن)،(جميل،٢٠١٨ :١١٧-١١٨).


ئاینی میسری چەند تایبەتمەندیەکی هەبوە: **یەکەم:** ئەو خوداوەندە زۆرانەی کە میسرییە کۆنەکان دەیانپەرستن: بەو پێیەی وڵاتەکە پێش یەکگرتنەوەی لەلایەن مینا(٢)پاشاوە بەسەر (٤٢ ناوچە) یان دەوڵەتە- شار(٣)دا دابەشکرابو، هەریەکەیان خوداوەندی تایبەتی خۆی هەبو، پەرستگاو پەیکەریان بۆ دروست دەکردن و لە جەژنەکاندا لە دەوری کۆدەبونەوە، **دوەم:** زیندوبونەوەو نەمریی: هەروەکو زۆرینەی گەلانی کۆن، میسرییە کۆنەکانیش پێیان وابو مرۆڤ دوای مردن زیندو دەبێتەوە، لە چاوی میسرییە کۆنەکاندا مردن کۆتایی نەبوە، بەڵکو دوای ئەوە مرۆڤ ژیانێکی نوێ دەژی، بەهۆی کاریگەری بیروباوەڕی زیندوبونەوەو نەمری لەسەر ژیانیان، میسرییەکان حەزیان لە پاراستنی تەرمی مردوەکان بو بە مۆمیاکردن و دانانی لە گۆڕەکاندا. **سێیەم:** حوکمدان لە دوای مردن: دادگاییکردنی مردوەکان – پاپیروسێکی(٤) پرسە لە تیبە (٥)کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ساڵی ١٠٢٥ پ.ز، مامەڵە لەگەڵ ئەو چاکە و خراپانەدا دەکات کە مردوەکە لە دونیادا کردویەتی، ئەوەی چاکەکارەکە پاداشتی کارە چاکەکانی بدرێتەوە، ستەمکارەکەش سزای کارە خراپەکانی دەدرێتەوە، دادگاکە لە ٤٢ دادوەر پێکهاتبو، ئەوان نوێنەرایەتی ناوچەکانی میسر دەکەن. **چوارەم:** بەرزکردنەوەی یەکتاپەرستی فەرمی: میسرییە کۆنەکان، لە سەردەمی ئەمنحۆتەبی چوارەم ناسراو بە ئەخناتون(٦) (١٣٥٣-١٣٣٦ پ.ز)، یەکێک لە پاشاکانی شانشینی نوێ (1550 – ١٢٩٥پ.ز)، بەرەو یەکتاپەرستی هەنگاوی ناوەو پێیانوابو کە خوداوەند یەکە و هاوبەشی نییە، ئەخناتون وای دەزانی کە ئەم گەردونە یەک خوداوەندی هەیە، (المغلوث،٢٠٠٧ :٥٨٤).

ژمارەی خواوەندەکانی میسری کۆن زۆربوەو ئەوەی تاکو ئێستا زانراوە ژمارەیان نزیکەی (٢٥٠٠) خواوەند بوە، بۆیە پەیڕەوی فرەخواوەندی بەتەواوی چەسپاوە لەناویاندا، هەندێکجار هەر خێزانێک خوداوەندی تایبەتی خۆی هەبوە،

ئەمانە بەپێی چینی کۆمەڵایەتیی و شوێنی نیشتەجێبونیان پێگەی خوداوەندەکانیان دیاریکراوە، بەجۆرێک خوداوەندی خانەدانەکان باڵاتربوە لە خوداوەندی خێزانێکی ئاسایی یان خێزانێکی ئاست نزم، بەهەمانشێوە خوداوەندی شارەکانیش باڵاتربونە لە هی گوندەکان، (محمود،٢٠٢١ :٣٧٩ – ٣٨٠).

هەرچەندە خوداوەندە سەرەکیەکانی دەوڵەت تەنیا خوداوەندە ناوخۆییەکان بون کە سەر بەپارێزگاکان بون، بەڵام خوداوەندەکان بەخێرایی پێگەیەکی تایبەتیان لەناو هەندێک پاشادا بەدەستهێنا و بەرزبونەوە بۆ پلە باڵاکان، کاریگەریان لەسەر هەڵسوکەوتی کاروباری دەوڵەت هەبو، بەڵام ناوی خوداوەندی دەوڵەت چەند جارێک گۆڕاوە ئەمەش دەرئەنجامی گۆڕینی پایتەختەکان و سەرۆک و گۆڕینی بنەماڵە فەرمانڕەواکان بوە،(عبد &حنون،٢٠٢٣ :٣٣٠-٣٣١).

هەرەمی گرنگترین خواوەندە گەورەکانی لە قۆناغی سەرەتای میسری کۆن بەو جۆرە بوە:




بڕوانە: (E.AWallis budge & D., 1904 :95 - 99) .

**لەو خشتەیەدا ناوی هەندێک خواوەندی تری میسری کۆن لەگەڵ ئەرک و شوێنی پەرستگای خواوەندەکە خراوەتەڕو:**

| ناوی خواوەند | ئەرکی خواوەند و شوێنی پەرستگای خواوەندەکە |
|---|---|
| اوزیریس :Osiris | خوداوەندی جیهانی ژێرزەوی لەگەڵ پاشای مردودا دەناسرێتەوە، هەروەها خوداوەندی لافاو و گەشەکردنە، وەک پاشایەکی مۆمیاکراو وێنا کراوە، ناوەندی سەرەکی پەرستگاکەی ئەبیدۆسە. |
| آنوبیس :Anubis | خوداوەندو پارێزەری بەسمە سازەکانە، خوداوەندی سەرەکی نەکرۆپۆلیس بوە. |
| عنقت :Anget | هاوسەری خنوم - وەکو ژنێک وێنا کراوە تاجێکی بەرزی لەسەرە، خوداوەندێکی ناوچەی ئەسوانە |
| اتون : Aten | خوداوەندی تیشکی خۆرە - لەلایەن ئەخناتونەوە وەک خودای دروستکەری باڵا (تاک) دەپەرسترێت لە ئەمارنە. |
| اتوم: Atum | خوداوەندی خۆری ڕەسەنی هێلیۆپۆلیس، دواتر لەگەڵ خواوەند ڕەع ناسێندرا - وەک پیاوێک وێنا کراوە. |
| باستت : Bastet | ناوەندی پەرستنی بوباستیس بو لە دەلتا - خوداوەندێکی شێوە پشیلەبوە، بە خوداوەندی چاکە و بەخشندەیی دادەنرا. |
| بوتو: (Buto) | خوداوەند بوتۆ لە دەلتا، خوداوەند لە شێوەی ماری کوبرا بوە، خوداوەندی پارێزەری میسری خوارەوە، بۆ پاراستنی فیرعەون لەسەر تاجی شاهانە دانرا. |
| جب :Geb | خوداوەندی زەوی، هاوسەری نوت، خواوەندی هلیۆپۆلیس بوە. |
| حتحور :Hathor | خوداوەندێک کە چەندین بەرهەمی زۆری هەیە، زۆرجار وەک مانگا، وێنا دەکرێت، ناوەندی پەرستگاکانی بریتین لە مەنفیس، کوزا و دندرا - خوداوەندی پارێزەری ناوچەی کانگاکان لە سینا. |
| حقات : Heqet | خوداوەندی ئەنتینۆپۆلیسە لە شێوەی بۆقە، هاوسەری خوداوەند خنوم – چاودێری ژنانە لە کاتی منداڵبوندا. |
| حورس :Horus | چەندین ناوەندی پەرستنی هەبو، لەوانە بهدت لە دەلتاو هیراکنوپۆلیس لەمیسری سەرەوە، خوداوەندی هەڵۆیە لە بنەڕەتدا خوداوەندی ئاسمانە لەگەڵ پاشای زیندودا دەناسرێتەوە، هەروەها کوڕی ئۆزیریس و ئیزیسە کە تۆڵەی ئۆزیریسی باوکی کردەوە. |
| ایزیس :Isis | هاوسەری ئۆزیریس و دایکی حۆرسە، یەکێکە لە چوار خوداوەندە پارێزەرەکە، ئەو پارێزەری تابوت و پەرداخەکانی کانۆپیە، ئەو خوشکی نەفتیسە و پێکەوە ماتەمینی خواوەندی مردوەکانیان |

| | |
|---|---|
| | ئەنجامدا، لە سەردەمی کۆتایی دا ناوچەی فیلە بو بە ناوەندی سەرەکی پەرستگاکەی. |
| منتو Month: | لە بنەڕەتدا خوداوەندی شاری ناوخۆیی ئارمنت بوە، کە شارەکەی تەنیشت باشوری تیبس بوە، خوداوەندی جەنگی تایبەت (لە پاشای میسر - وێنا کراوە). |
| موتMut : | هاوسەری ئامون لە بنەڕەتدا خوداوەندێکە لە شێوەی سەرکەوتندا، ناوەندی پەرستگاکەی ئاشێرو بو، لە باشوری پەرستگای سەرەکی ئامون-رەع لە کەرنەک. |
| شو Shu : | خوداوەندی هەوا - پەیوەندی بە تفنوتەوە هەیە، زۆرجار وەک پیاوێک وێنا دەکرێت کە نوت (ئاسمان) لە (زەوی) جیا دەکاتەوە، یەکەم جوتە لە نۆیەمی هلیۆپۆلسیی پیرۆز Heliopolis. |
| سوبیک : Sobk | خودای تیمساح لە سەرانسەری میسردا دەپەرسترێت، بەتایبەتی لە فەیوم و ناوچەکانی کۆم ئامبۆ لە میسری سەرو. |
| وپواوت Wepwawet: | یەکێکە لەو خوداوەندانەی کە لە ئۆزیریس یاخی بوە، خوداوەندی ئاسیوتە لە میسری ناوەڕاست. |

بڕوانە: (دیماس،١٩٩٨ :٤٣، ٥١، ٥٩)؛ (جیمز،١٩٩٩ :٢٠٥-٢١١).

یەکێکی تر لەخواوەندە گرنگەکانی میسری کۆن، خواوەند خۆرە لەئاینی فەرمیدا گەورەترین خوداوەند بوەو هەندێکجار وەک خوداوەندی باڵا (ڕەع) [٧] دەپەرسترا، (دیورانت،١٩٧١ :١٥٥-١٥٦).

ڕەع دەربارەی خۆی دەیگوت: (ئەوە منم کە ئاسمان و زەویم دروستکردوە و چیاکانم دامەزراندوە،

من ئەو کەسەم کاتەکانم دروست کرد و دواتر ڕۆژەکان هاتنە بون،

من ئەو کەسەم کە ئاگری ژیانم دروست کردوە،

من خوداوەندی "خەبرا"م لە بەیانیان، "ڕەع"م لە نیوەڕۆدا، "ئاتوم"م لە ئێواران دا!) (السقاف،٢٠٠٤ :٢٨)، یەکێکی تر لە گرنگترین خوداوەندەکان، کە ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێناو لەلایەن میسریەکانەوە پیرۆزکرا، خوداوەند بتاح[٨]بو، هەر لەمەمفیسدا خوداوەندێکی تر دەپەرسترا پێیان دەگوت سوکاریس خوداوەندی مردوەکان بو لە شێوەی مرۆڤێکدا وێنایان دەکرد کە سەری هەڵۆ بو، بەڵام ڕارودۆخەکان ڕۆڵیان لە چارەنوسی ئەم خوداوەندە (سوکاریس)دا هەبو، بەو پێیەی لەگەڵ خواوەندە گەورەکە تێکەڵکراو ناوی لێنرا (بتاح- سوکاریس)، دوای ئەوە، کاتێک ئۆزیریس بو بە تاکە خوداوەندی مردوەکان، سوکاریس ناوێکی دیکەی بۆ دانرا بەناوی (ئۆزیریس سوکاریس) و هەندێکجاریش دەگوترا (بتاح – سوکاریس – ئۆزیریس، Ptah - Socaris - Osiris)، (ارمان،١٩٩٥ :٤٧-٤٨). یەکێک لەو حاڵەتانەی کە لێکەوتەی جددی هەبو، تێکەڵبونی ژمارەیەکی زۆر لە خوداوەندەکان بو بۆ خوداوەندی خۆر، پەرستنی خۆر لە سەردەمی شانشینی کۆن (٢٤٠٠ – ٢٧٨٠ پ.ز)ەوە پەرەی سەندوە و ڕەنگە هۆکاری ئەمەش ئەوە بێت کە پاشاکانی بنەماڵەی پێنجەم کە لە ساڵی (٢٤٩٤ – ٢٣٤٥ پ.ز) حوکمڕانی میسریان کردوە، سەر بە پیاوانی ئاینی ئەم خوداوەندەن، ئەم خوداوەندە بو بە پیرۆزترین خوداوەند لە نێوانیاندا، هەروەها ئامون ماوەیەکی زۆر خوداوەندی

ناوخۆیی تیبە بوە بەچاوێکی گەورە سەیرکراوەو لە تێکستێکدا بە خواوەندی تاک و بەدیهێنەر وەسف کراوە بۆ نمونە : (ئەی ئامون، سەرەتای دەستپێکردن، تاک و تەنها:

تۆ (تاک)یت کە هەمو شتێکت دروست کردوە کە هەیە

هەر یەک بویت و هەر بە یەک دەمێنیتەوە، کە بونەوەرەکانت دروست کردوە).

بڕوانە: (ارمان،١٩٩٥ :٨٥-٩٧)؛ (ديماس،١٩٩٨ :١٥٧).

لەڕاستیدا سەردەمی هەرەمەکان[٩] بوە هۆی بیرۆکەیەکی تا ڕادەیەک نارون سەبارەت بە دۆخی خوداوەندی خۆر، چونکە بە ناونیشانی خۆنمایشکەر – زیادەڕەو لە کرداردا یان "ئەوکەسەی کە کەسی نییە" باسکراوە، هەروەها بینیمان کە سەردەمی هەرەمەکان، لەگەڵ ئەو هۆشیاریەی کە لەلایەن کەسانی وەک (بتاح – حتب) ەوە ئەنجامدرابو، پێدانی سەروەری بە خوداوەندی خۆر بەسەر دەوڵەتێکی وادا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە میسرییەکان دەستیان کردبو بە ڕۆیشتن لەسەر ئەو ڕێگایەی کە بەرەو یەکتاپەرستی دەیانبات، هەروەها خوداوەندی خۆر – ڕەع، لە سەردەمی هەرەمەکاندا دەستیکرد بەپرۆسەی تێکەڵکردنی خوداوەندەکانی دیکەی میسر لەخۆیدا، (بريستيد،٢٠٠٠ :٢٩١-٢٩٢).

بەم شێوەیە ڕەع بو بە خوداوەندی دڵخوازی چینی سەرەوە، لە شارەکانی تریشدا خەڵک زۆر حەزیان لە پەرستنی ئەم خوداوەندە بەرزە بو، بۆچی؟ چونکە میسرییەکان پێیان وابو خۆر پێویستە بۆ ژیان، بەبێ ئەو بەرهەمەکان لەسەر زەوی نامێنن، (تشرني،٢٠٢١ :١١٢).

ئەگەر هەر ناوچەیەک خوداوەندی خۆری نەبوبێت، ئەوا خوداوەندێکی دیکە دەدۆزیتەوە کە سروشتی زۆر لە سروشتی خوداوەندی خۆر (ڕەع) دەچێت، بۆیە زۆرێک لەم خوداوەندانە جگە لەخوداوەندی (بتاح) ئەوانی تر گۆڕاون بۆ خوداوەندی خۆر، لەم قۆناغەدا لەپەرەسەندنی ئاینی میسریدا مەیلێکی ڕون دەبینین بۆ یەکگرتن لە خۆر پەرستیدا، لە کۆتایدا گەیشتە ئەو ئاستەی کە ئۆزیریس لەگەڵ خوداوەندی خۆردا تێکەڵ بێ، کە ڕەع و ئۆزیریس بە پێی باوەڕی پیاوانی ئاینی، ڕۆحی یەکگرتو بون، لە بنەماڵەی پێنجەمەوە(٢٤٢٣ – ٢٥٦٣ پ.ز) پاشاکان کاتێک سەردەکەوتە سەر تەخت هەر پاشایەک ناوێکی بۆ خۆی هەڵدەبژارد کە پەیوەندی بە (ڕەع[١٠]) ەوە هەبێت، (ارمان،١٩٩٥ :١٥٣).

کێشەی سەلماندنی یەکخواوەندی یان یەکتاپەرستی لە ئاینی میسری کۆن، هێشتا پێویستی بە لێکۆڵینەوەی نوێ هەیە، بەهۆی ئەو لایەن و مانایانەی کە ئەم بیروباوەڕانە لەخۆدەگرن ئاماژەن بۆ پەرستنی یەک خوداوەند بە درێژایی سەردەمە مێژوییە جیاوازەکان، ئەم دیاردەو مانا جیاوازو جۆراوجۆرە لەو سیفەت و ناوانەدا ڕەنگدانەوەی هەبو لە دەرکەوتنی بونی (یەک خواوەند)، هەر لە سەرەتاوە لە سەروی خوداوەندە بنەڕەتییەکانەوە، باوەڕێکی باڵاتر هەبو کە (خوداوەندی گەورە)یە، ئەو خوداوەندی زانایە:(گەورەی هەمو شتێکە ئەوەی هەیەو ئەوەی نییە)، کاتێک بڵێ ببە (دەبێت)، ئەو "گەورەترینە" و "خواوەندی هەمو شتەکانە"، بەڵام ئەم بیرکردنەوەیە هاندەر نەبون بۆ سەرهەڵدانی ئەو (یەک خوداوەندە) یەکتاپەرستیەی کە هەمو شتێکی لەخۆگرتوە، (عطية الله،١٩٨٥ :٣-٤).

عبدالعزیز صالح دەڵێت: دو شێوە یەکتاپەرستی لە میسری کۆن هەبوە: شێوەی **یەکەمیان:** دەسەڵاتداران پشتگیریان دەکرد، ئەم شێوە پێی وابو وەک چۆن فیرعەون[١١] وەک پاشایەکی ڕەها بەسەر هەمو دەسەڵاتەکانی لەخوارخۆی دا

زاڵە، دەبێ خواوەندێکی ڕەهاو دەسەڵاتێکی کۆکەرەوەش لەبونەوەر هەبێ کە بەسەر دەسەڵاتی هەمو خواوەندو بونەوەرەکانی خوار خواوەندە گەورەکەدا زاڵ بێ، کاتێ هێزو دەسەڵات لای فیرعەونە ئەو دەسەڵاتەی بەکاردەهێنا بۆ پیادەکردنی ئەو خواوەندەی فیرعەون پشتیوانی دەکات و جێگەی ڕەزامەندیەتی.

**دوەم:** یەکتاپەرستی بیرمەندو داناو کاهینە گەورەکان بو، ئەم جۆرە یەکتاپەرستیە لای هەندێ لەکاهین و بیرمەندانی میسر بڵاوبو کە باوەڕیان بە بەدیهێنەرێکی ئەزەلی هەمیشەیی بۆ بونەوەر هەبو، کە بە بەدیهێنەری هەمو گەردونیان دەزانی، یەکتاپەرستی یەکەم زۆرجار لە شێوەی خواوەندی گەورەی وەک خۆر یان ڕەع یان ئامون ڕەنگی دایەوە کە ئەو خواوەندە بەسەر هەمو خواوەندە بچوکەکانی تردا زاڵ بو، بەڵام یەکتاپەرستی فەیلەسوفەکان لەسەر چەند ناوێکی وەک ئاتۆم و بتاح ڕەنگی دایەوە، ئاپۆرای خەڵکی واڕاهاتبون کەهەم دڵی کاهین و خواوەندی شارەکان ڕازی بکەن و لەولاشەوە ملکەچی خوداوەندی گەورەی دەوڵەت و پایتەخت بن و لەگەڵ بیرمەندو داناکانیش لەدڵ و عەقڵەوە باوەڕیان بە بەدیهێنەری هەمیشەیی بونەوەر هەبێ، (١٩٥٩ :١١).

## تەوەرەی دوەم: سەرەتاکانی یەکتاپەرستی لە عێراقی کۆن:

بیروباوەڕی ئاینی لە عێراقی کۆندا لەچاخە کۆنەکاندا سەریهەڵداوە، ئەو سەقامگیری و پەیوەندیەی مرۆڤ بە خاکەکەیەوەو سەرهەڵدانی یەکەمین گوندە کشتوکاڵیەکان بەتایبەت لە باکوری عێراقی کۆن، بوە هۆی سەرهەڵدانی بیروباوەڕی ئاینی لە مرۆڤدا کە پەیوەست بون بە ژیانی نوێی نیشتەجێبونییەوە لە بنەڕەتدا لە دەوری ئەو هێزو دیاردانە دەسوڕێتەوە کە کاریگەری لەسەر بەپیتی زەوی و گیانداران هەیە، (حمەشیرین،٢٠٢٤ :٢١-٢٢).

دەربارەی تیۆرەکانی ئەفراندن و ئەو چەمکانەی کە پەیوەندیان پێیەوە هەیە لە وڵاتی سۆمەردا ناسرابون لە هەزارەی سێیەمی پ.ز، سێ بابەتی سەرەکی بون: **(١- ئەفراندنی گەردون، ٢- ڕێکخستنی گەردون، ٣- ئەفراندنی مرۆڤ)**ە، بڕوانە:(کریمر،٢٠٢٣ :٤٩-١١٤).

نهێنی توانا لەڕادەبەدەرەکانی پەرستراوەکان لە عێراقی کۆندا، لە چوار خەسڵەتی خوداوەندیدا پوخت دەکرێتەوە، **یەکەم:** توانای دروستکردن، **دوەم:** توانای دیاریکردنی شێوەی دروستکراو و سیفەتە جەستەیی و ڕۆحییەکان، **سێیەم:** وێناکردنی چارەنوسی دروستکراوەکان، **چوارەم:** توانای پێدانی ئامرازی دروستکراوەکان، لە ڕێگەیانەوە دەتوانن کۆمەڵگاکانیان ڕێکبخەن و شارستانییەتەکەیان بنیادبنێن، (حمەشیرین،٢٠٢٤ :٢٨-٢٩).

کەواتە بیری ئاینی عێراقی کۆن کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆی هەبوەو دەکرێ لەو خاڵانەدا کورت بکرێنەوە: **بنەمای زیندوێتی:** باوەڕبون بە بونی هێزو ڕوحی شاراوە لەدەرکەوتنەکانی سروشتدا، **بنەمای بەردەوامی:** باوەڕبون بە بەردەوامیی کاریگەری ئەم خواوەندانە لەکۆمەڵگەدا. **بنەمای لێکچون:** خواوەندەکان سیفەتەکانیان وەکو مرۆڤە، باوەڕیان وابو کە دەخۆن و دەخۆنەوە و هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتر دەکەن، (هاشم،٢٠١٨ :٦٣٩-٦٤٠).

ڕەنگە یەکێک لە سیما گرنگەکانی ئاینی عێراقی کۆن ژمارەی زۆری خوداوەندەکان بوبێت، بۆیە سەختە پێناسەکردنیان بە وردی لە قۆناغە کاتی و جیاوازەکانی ئەم شارستانییەتەدا، وە بەهۆی هاتنە ناوەوەی خوداوەندە نوێیەکان بۆ ناو

کۆمەڵەی خوداوەندەکان لەگەڵ هاتنی گەلانی نوێ بۆ وڵاتەکە، ئەمە جگە لە بەردەوامیی دۆزینەوە شوێنەوارییەکان (رشید،٢٠٠٤: ٨٦-٨٧).

هەرەمی گرنگترین خواوەندە گەورەکان لە قۆناغی سەرەتای عێراقی کۆن دو کۆمەڵەیە بوە، کۆمەڵەی یەکەم ٤ خواوەندی سەرەکی لە خۆ دەگرێت ئەوانیش : ئان

↓

ئێنلیل

↓

ئێنکی

↓

نینخورساگ

کۆمەڵەی دوەم ئەوانیش ٣ خواوەندی سەرەکین بەو جۆرە:

نانا (سین)

↓

ئۆتۆ

↓

ئینانا

بەهەردو کۆمەڵەکە ٧ خواوەندی سەرەکی هەبون لەبیروباوەڕی عێراقی کۆن، بڕوانە:(کریمر،ب.ت :١٥٧ – ١٦٣).

**لەو خشتەیەدا ناوی هەندێک خواوەندی تری عێراقی کۆن لەگەڵ ئەرکو شوێنی پەرستگای خواوەندەکە خراوەتەڕو :**

| ناوی خواوەند | سیفەت و ئەرکی خواوەند، پەرستگا و شوێنی پەرستنی |
|---|---|
| **ئەبزو (ئەپسو) abzu (apsû)** | ئەپسو ناوی بونەوەرێکی سەرەتایی بوە، خۆشەویستی تیامات و کاتێک ئیا ئەپسوی کوشتوە، ماڵەکەی لەسەر لاشەی بونەوەرە مردوەکە داناوە، کە لەمەودوا ناوەکەی گواستراوەتەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبونی ئیا، پەرستگای ئێنکی لە ئێریدو بە ئی-ئەبزو، پەرستگای ئەبزو ناسرابو. |
| **ئان -An (ئانو-Anu):** | وشەی سۆمەرییە بۆ ئاسمان، ناوی خوداوەندی ئاسمانە هەروەها جوڵێنەری سەرەکیە لەدروستکردنداو سەرۆکی باڵاو باوکی خوداوەندەکانە، هاوسەرەکەی خوداوەند (ئوراش)ە؛ |

| | |
|---|---|
| | لەدواتردا هاوسەرگیری لەگەڵ (کی- Ki) کردوە، ئان کە بە نەریتی سۆمەری، ئاسمانی گرتە دەست کاتێک لە زەوی جیا بوەوە، دواتر خواوەند (کی- Ki) گەردونی دروستکرد. |
| **ئانوناکۆ (Anunnakū)** | ڕەنگە بە مانای 'نەوەی شازادە' بێت، لە دەقەکانی پێشوتر، بە تایبەت سۆمەری، پێدەچێ وەک وشەیەکی گشتی بۆ خوداوەندەکان بەکارهاتبێ، بەتایبەتی خوداوەندە سەرەتاییەکان کە یەکەمجار لەدایک بون و بە ناوی تاکەکەسی جیا نەکرابونەوە، پەنجا ئەنونا لە ئێریدو هەبوە، خوداوەندی ئاسمان ئانو (ئان) وەک پاشای ئەنون-ناکو وەسف دەکرێت، لە داستانی دروستکردندا بە زۆری خوداوەندەکان پێیان دەوترێت 'ئەنوناککوی ئاسمان و زەوی'. |
| **ئانونیتۆ Anunitu** | (پێشتر پێی گواتراوە ئانونیتوم) خوداوەندێکی بابلی بوە کە پەیوەندی بە منداڵبونەوە هەبوە، هەروەها ئانونیتوم لە سیپاریش دەپەرسترا. |
| **ئێنکی - Enki بە ئەکەدی پێی دەڵێن ئیا - Ea** | ئێنکی خوداوەندێکی دروستکەر و دیاریکەری چارەنوسەکان بوە، هەمیشە وەک کەسێکی لەبار بۆ مرۆڤایەتی سەیر دەکرا، بە تایبەتی لە داستانەکانی ئەترا-حسیس و گیلگامێشدا، بەشی مرۆڤ لە دژی خوداوەندەکان وەردەگرێت و یارمەتی مرۆڤایەتی دەدات بۆ ڕزگاربون گرنگترین ناوەندی پەرستگاکانی ئێنکی ئ-ئەبزو (ماڵی ئەبزو) (Abzu House) بو لە ئەریدو. |
| **ئێنلیل - Enlil، بە ئەکەدی پێی دەڵێن ئێلیل (Ellil)** | یەکێکە لە خوداوەندە گرنگەکان هەندێک جار دەوترێت نەوەی ئان و برای خوداوەندی ئارورو بوە، هاوسەرەکەی ناوی نینلیلە لە نێو منداڵەکانی ئێنلیلدا خوداوەندی ئینانا و چەند خوداوەندی تر هەیە، ناوەندی گەورەی ئێنلیل پەرستگای ئ-کور (ماڵی شاخاوی - E-kur) بو لە نیپور، ئێنلیل زۆرجار بە 'شاخی گەورە' و 'پاشای خاکە بیانییەکان' ناودەبرێت. |
| **گیبیل(Gibil)یان گیرا (Girra)** | بە ئەکەدی پێی دەگوترا گیررو (Girru)، ئاگری خوداوەندە، گیرا وا بیردەکرایەوە کە کوڕی ئانو (ئان) و خوداوەندی سالا بێت، ئەو نوێنەرایەتی ئاگری نارەزایی دەکرد لە هەمو لایەنەکانیدا: هێزی گەرمای سوتێنەری هاوینی میزۆپۆتامیا و کورەی ئاگر و بە ئاسنگەر وێنا دەکرا. |
| **ئینانا (Inana) - عشتار(Istar)** | گرنگترین خوداوەندی مێینە بوە لە هەمو سەردەمەکاندا، ڕەنگە ناوی سۆمەرییەکەی ئینانا لە نین-ئانا وەرگیرابێت، بەواتای خانمی ئاسمان؛ هەروەها عشتار ناوە ئەکەدییەکەی، پەیوەندی بە خوداوەندی عەرەبی باشور عەتتار و بە خوداوەندی سوری ئاستار هەیە، بەپێی نەریتێکی دیکە کچی خوداوەندی مانگ نانا (سین) و خوشکی خوداوەندی خۆر ئوتو (شمش) بوە. |
| **خوداوەند مارتو Martu بە ئەکەدی پێی دەگوترێ (ئامورو** | خوداوەندێکە شارەکان وێران دەکات و وەک زریانێک بەسەر خاکدا تورە دەبێت. وەک کوڕی ئان سەیر دەکرا، هەندێک جار دەگوترا کوڕی نینهورساگە بەپێی هەندێک نەریت هاوسەرەکەی بێلێت - سێری (خانمی بیابان) بوە، کە لە بنەڕەتدا لە ڕۆژئاواوە هاتبون، بەڵام وردە وردە دزەیان کردە ناو ناوچەی میزۆپۆتامیا شەپۆلی یەکەمی ئەم کەسانە بە زمانی سۆمەری پێیان دەگوترا مارتو ناوی خوداوەند مارتو، یان ئامورو، لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز لە |

| | |
|---|---|
| - (Amurru | ناوی کەسیدا بەکارهاتوە، |
| **نابو Nabû (پێشتر نابیۆم)** | نوسەری خودایی چارەنوسەکانە، هەرچەندە هیچ ئەفسانەیەک لەبارەیەوە نەگێڕدراوەتەوە دواتر وەک خوداوەندێکی حیکمەت پەیوەندی بە ئیا (ئێنکی) و مەردۆخەوە کردو لە هەندێک نەریتدا سیفەتەکانی نینورتای هەڵگرتوەو بەو هۆیەوە پەیوەست بو بە ئاودێری و کشتوکاڵەوە، هاوسەرەکەی خوداوەندە تاشمێتو بو، ڕەنگە پەرستنی نابو لە شامەوە لەگەڵ ئامۆرییە کۆچەرییەکان لە سەرەتای هەزارەی دوەمی پ.ز گەیشتبێتە بابل، ناوەندی پەرستگاکەی لە بۆرسیپا لە نزیک بابل بوە. |
| **نانا-سوین (سین - Sîn)** | لە عێراق کۆندا هەردو خۆر و مانگ خوداوەندی نێر بون، لە زمانی سۆمەریدا بە خودای مانگ ناودەبرا سوین یان نانا (ننار)، لە زمانی ئەکەدیدا سوین بو دواتر کرا بە (سین - Sîn)، هەروەها ناوەکەی بە سادەیی بە ژمارەی ٣٠ نوسراوە، کە ژمارەی ڕۆژەکانە لە مانگێکدا، گرنگترین پەرستگای خواوەند نانا بریتی بو لە ئی-کیش-نو-گال لە ئور، بەڵام پەرستگایەکی دیکەی کە لە سەردەمی بابلی نوێدا پەرستگای حەران بو لە باکوری سوریا، پەرستگای حەران بە تایبەتی لەلایەن پاشای بابلی نەبونائید ساڵانی ٥٥٦ - ٥٣٩ پ.ز بەناوبانگ بو. |
| **نانشێ Nanše** | خوداوەندی سۆمەری نانشێ سەر بە پەرستگای ناوخۆیی شار-دەوڵەتی (لەگش - Lagaš)ە، وەک کچێکی ئێنکی سەیر دەکرا، نانشێ بە تایبەتی پەیوەندی بە فەلسەفە و لێکدانەوەی خەونەکانەوە هەبوە، وەک خێرخوازی کەسانی بێبەشی کۆمەڵایەتی و وەک بەرپرسیار لە پشکنینی وردی کێش و پێوانەکان ستایشی دەکرێت. |
| **خوداوەند نونگال Nungal یان (مانیونگاڵ)** | خوداوەندێکی جیهانی ژێرزەوی بوە، پەیوەندی بە پەرستگای (ئی-کور)ەوە هەبوە لە نیپور، هەرچەندە لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەم و سەرەتای هەزارەی دوەمی پ.ز لە ژمارەیەک شاردا دەپەرسترا، هەروەها ئەندامی پەرستگای ناوخۆیی لەگش بوە. |
| **نیرا Nirah** | تاکە خوداوەندی تەواو ئاژەڵیی و نا مرۆڤدۆست بوە، خوداوەندی مار نیرا لە شاری دێر کە دەکەوێتە سنوری باکوری نێوان عێراقی کۆن و عیلام، وەک وەزیری ئیشتاران دەپەرسترا. |
| **شارا - Šara** | خوداوەندی ناوخۆیی شاری ئوما بو، لە پەرستگای E-mah دا دەپەرسترا، خوداوەندێکی جەنگاوەر بوە، نوسراوێکی بنەماڵەی سێیەمی ئور هەبو کە دەڵێت:(شارا کوڕی ئینانا) بوە. |
| **تیامات Tiâmat** | لە بڵاوکراوە ناوازەکەی دروستکردنی خوداوەندەکاندا کە لە داستانی دروستکردنی بابلیدا پارێزراوە، دوای جیابونەوەی ئاسمان و زەوی تاکە بونەوەرێک کە بونیان هەبو ئەپسو و تیامات بون، ئەپسو ئاوە شیرنەکانی ژێرزەوی و تیامات ئاوی سوێر بوە، ئەپسو و تیامات وەک جوتێکی نێر و مێ دانراون، هەرچەندە دەوترێت دواتر 'ئاوەکانیان تێکەڵ بوە' . |

| | |
|---|---|
| **خوداوەند کولا – گۆلا** | ناوی ئەم خوداوەندە لە دەقەکانی سۆمەریدا بە شێوەی ME ئاماژەی پێکراوە، لە بەرامبەردا لە زمانی ئەکەدیدا بە Gula هاتوە، ئەم خوداوەندە بە هاوسەری خوداوەندی نینورتا دادەنرا، لە نێو بابلییەکان بوە خوداوەندی دەرمان و شیفا، ئەو بە دەست لێدان مردوەکانی زیندو دەکردەوە بۆیە پێی دەگوترا "ڕزگارکەری گەورە"، "ئەو خانمەی کە نەخۆشی چاک دەکاتەوە"، بەم شێوەیە خوداوەند "کولا" توانای باڵای خۆی لە بابەتە پزیشکییەکاندا نیشان دا. |

بڕوانە: (Black & Green, 1992 :27 - 187)؛ (فاضل،٢٠٠٢ :١٦٩).

بە درێژایی سەردەمەکانی شارستانییەتی کۆن، هەوڵێکی بەردەوام هەبو بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو خوداوەندانە بە تێکەڵکردنیان لەگەڵ یەکتر لە کاتێکدا بەرپرسیارێتی یان سیفاتەکانیان هاوشێوەی یەکتر بون، ئەمەش وایکرد پسپۆڕان مەیلی ڕون بەرەو یەکتاپەرستی هەست پێبکەن، (حنون،٢٠١٤ :٣٦٩).

لە دەوروبەری ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پ.ز، ئەگەر پێشتر نەبێت، سۆمەرییەکان [١٢] سەدان خوداوەندیان هەبو، لانیکەم بە ناو، هەندێ لە خواوەندەکان لە چینی یەکەمن و ژمارەیەک لە خوداوەندەکانی تر لە چینی دوەمن، هاوسەر، کوڕ، یان خزمەتکاری خوداوەندە گەورەکانن، ژمارەیەکی زۆر لە خوداوەندەکان لە ماوەی تەواوی ساڵەکەدا بە پێشکەشکردنی قوربانی و نوێژکردن ڕێزیان لێنراوە، (کریمر،١٩٧٣ :١٥٦).

بە گەورەدا دانان و باڵایبونی خواوەندەکان لەخوداوەند (ئانو)، وردە وردە دەرکەوت و بو بەهێمای خودایبون و سەروەری، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی گەورەی هەمو خوداوەندەکانە، لەم دەقەکەدا بەو شێوەیە هاتوە:

(هەرچی فەرمانی پێبکەیت جێبەجێ دەکرێت، و قسەی شازادە هەرچی بێت جگە لەوەی فەرمانی پێدەکەیت و لەسەری ڕازی دەبێت

ئەی ئانو، قسەی تۆ باڵادەستە

کێ دەتوانێت بڵێت نەخێر؟

ئەی باوکی خوداوەندەکان

فەرمانی تۆ بناغەی ئاسمان و زەویە

شازادەی خوداوەندەکان

قسەکانت دەسەڵاتە لە کۆبونەوەی خوداوەندە گەورەکاندا)، (العطبي،٢٠١٤ :٢٩).

پاشان لە هەڵبەستێکی تایبەت بەڕێوڕەسمە ئاینییەکان کە بەسۆمەری هۆنراوەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هەزارەی سێیەم، وەکو پیرۆزی خواوەند (ئێنلیل)، کە ئەوکات وەکو گەورەی خواوەندەکان و مرۆڤایەتی ئەژمارکراوە، هاتوە:

(ئێنلیل، دەسەڵاتەکەی درێژ دەبێتەوە،

قسەکەی بەرزو پیرۆزە.

ئەوەی بڕیاری لێدەدات، پێناسە نەکراوە:

بڕیار لە سەرەنجامی هەتاهەتایی بونەوەرەکان دەدات.

چاوەکانی هەمو زەوی دەرک دەکەن،

ڕۆشناییەکەی دەگاتە ئەوپەڕی وڵات.

کاتێک ئەنلیلی بەڕێز و خاوەن پایە

لەسەر عەرشە پیرۆزو بڵندەکەیدا جێگیر دەبێت،

لەوکاتەی بەوپەڕی دەسەڵاتەکانی

کارەکانی وەکو پاشا و بڵندپایە بەڕێوە دەبات،

تێکڕای خواوەندەکان لە بەردەمیدا چۆک دادەدەن و

بەبێ مشتومڕ فەرمانبەرداری دەکەن.

ربێگومان هەر ئەو سوڵتانی گەورە و بەدەسەڵاتە

کە بەسەر ئاسمان و زەویدا زاڵە،

هەمو شتێک دەزانێت و لە هەمو شتێک تێدەگات). (بوتیرو، ١٩٩٠ :٢٥٣ – ٢٥٤).

سۆمەریەکان ڕێکخستنی گەردونیان دابەش کردوە بەسەر ئاسمان و زەویدا، خوداوەندەکان لە ئاسمان نیشتەجێن، لەبارەی گرنگی خوداوەندی خۆر (شمش – ئۆتۆ) گوتراوە:

(ئەی ئۆتۆ.. شوانی خاک، باوکی گەلی سەر ڕەش،

کاتێک تۆ پاڵدەکەویت، گەلیش پاڵ دەکەوێ،

ئەی ئۆتۆی پاڵەوان، کاتێک هەستایت، گەلەکەش هەڵدەستێت).

پێدەچێ سۆمەرییەکان وابیریان کردبێتەوە کەخواوەند ئۆتۆ بەدرێژایی شەو دەخەوێت، (Kramer,1961 :41-42).

هەروەها دەبینین کە بڕیاری ئۆتۆ کە لایەنگری گلگامێش [١٣] و ئەنکیدۆ بەسەر بڕیاری عشتاردا سەردەکەوێ کە دژیانەو ئەوان بەسەر خەمباباو گای ئاسمانیدا سەردەکەون و هەمیشە لەمەشدا سوپاس و ستایش و کڕنوش و نزاکانیان بۆ (ئۆتۆ)یە، گلگامێش دەڵێ: (ئەوا من دەڕۆم ئەی خۆر دەستی پاڕانەوەم بۆ لای تۆ بڵند دەکەم بەڵکو گیانم لەتۆوە خێری بەسەردا بڕژێ و لەسێبەری تۆدا بحەوێمەوەو پاراستنی تۆ منیش بگرێتەوە)،(سلطان، ٢٠١٤ :٣٣٨-٣٤٠).

عێراقیە کۆنەکان وەک لە داستانی گلگامێش و ئادابا [١٤] دەردەکەوێ مردنیان بەلەناوچون نەدەزانی و باوەڕیان بەژیانی دوای مردن هەبوە، هەربۆیە گرنگیەکی تایبەتیان بەگۆڕ دەدا و بەگۆڕیان گوتوە (ماڵە گەورەکە)، وە ناشتنی کاڵاو شتومەکە گرانبەهاکان و خۆراک و گرنگی دان بەپاراستنی لاشەی مردو بەڵگەبو لەسەر ئەم باوەڕە، عێراقیە کۆنەکان دامێنی ڕوباری فوراتیان پێ پیرۆز بو بۆیە حەزیان دەکرد لەوێ بنێژرێن (الحصونە،٢٠١٩ :٤٥-٤٦).

بەشێک لە مێژونوسان پێیان وایە ئەو ئاینەی لە مێژوی وڵاتی عێراقی کۆن هەبوە، شێوەیەکی تایبەت بوە بەو وڵاتەوە، وەک دەبینین بابلیەکان[١٥] تەنیا مەردۆخیان بە گەورەترین خواوەند دەزانی، کەچی ئاشوریەکان[١٦] تەنیا ئاشوریان بە گەورەترین خواوەند دادەنا، بۆیە ئەو یەکتاپەرستیەی میسر لەسەردەمی ئەخناتون پێی گەیشتوە هەرگیز لە عێراقی کۆن دا بونی نەبوە، (اوكيل،٢٠١٦ :١٧؛ ماسبريو،٢٠١٧ :١٢٤-١٢٦).

کۆچکردنی سامییەکان بۆ ناوچەکانی عێراقی کۆن کاریگەری لەسەر کوالێتی بیری ئاینی هەبو، بەو پێیەی ئەم گەلانە خوداوەندەکانی ناوچە کۆنەکانیان وەرگرتوە کە سەرچاوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش مێژو، بیرکردنەوەی ئاینی لەگەڵ هاتنی ئامورییەکاندا[١٧] گۆڕانکاریەکی ڕێژەیی بەخۆیەوە بینی، کاتێک بابل بو بە ناوەندی سەرەکی لە عێراقی کۆن، بابلییەکان درکیان بە دەرکەوتنی سیفەتی چەندین خوداوەند لە (یەکخوداوەند – التفرید[١٨])دا کرد، ئەمەش لەو تێکستەدا دەردەکەوێ:(نێرگال مەردۆخی جەنگە، زبابا مەردۆخی کۆمەڵکوژییەکانە، ئینلیل مەردۆخی ڕاوێژ و حوکمە، شمش مەردۆخی دادپەروەری و ڕاستی یە)، (بقة،٢٠١٩ :٣٩)، لەگەڵ ئەوەی ئەم خوداوەندە پێگەی یەکەمی لە ئاهەنگەکان و ڕێوڕەسمەکاندا گرت، بەڵام کاهینەکان و خەڵک دەستبەرداری خوداوەندەکۆنەکانیان نەبون، کاتێک کاشیەکان[١٩] هاتن، هەوڵیان نەدا ئەو ئاینە ناوخۆییانە هەڵبوەشێننەوە، بەڵکو بەشداریان لە ڕازاندنەوەی پەرستگا و دروستکردنی زەقورەکاندا[٢٠]کرد، هەروەها خواوەندەکانیان لەگەڵ خواوەندەی بابلیەکاندا ناساند، لەگەڵ سەرهەڵدانی بابلی نوێ، ئاینی یەکتاپەرستی دوای هاتنی جولەکەکان بۆ بابل لە کاتی دیلێتی دوەمی بابلدا (٥٨٦ پ.ز) دەرکەوت و بوە هۆی ناسەقامگیری بیروباوەڕە ئاینییە کۆنەکان و ململانێیەکی ئاینی توند لەنێوان خەڵکەکەدا سەریهەڵدا، ڕەنگە ئەمەش پاشا نەبونائیدی هان دابێت کە سەرنجی لەسەر پەرستنی یەک خوداوەند بێت ئەویش (سین)ە خوداوەندی مانگ، بۆ ئاراستەکردنی ئاینی یەکتاپەرستی نوێ،(الكيلاني،٢٠٠١ :٥٤؛ بقة،٢٠١٩ :٣٨-٣٩).

بۆچونێکی تر هەیە پێی وایە بابلیەکان لە هەمو قۆناغەکانی مێژوی خۆیاندا نەگەیشتنە قۆناغی یەکتاپەرستی پاک وەک لە بابەتی مەردۆخدا بینیمان و سنوردارکردنی ڕێز و پەرستن بۆ ئەو بە تەنیا، ئەوا تەنها قۆناغەکانی یەکەم و سەرەتایە کە نزیکە بنەمای یەکتاپەرستی بپارێزرێت، بەڵام نەگەیشتە دوا قۆناغ، ئەم قۆناغە لە مێژوی سەرهەڵدانی ئاینەکاندا بە (تەفرید) ناسراوە، کە حاڵەتێکەو یەکتاپەرستی تەواوەتی نییە، بەڵکو سنوردارە بە تاکە خواوەندێک لە نێو زۆرێک لە خوداوەندەکاندا و پێیان باشترە، (باقر &فرنسيس،١٩٤٩ :٧).

لەلایەکی تر عێراقییە کۆنەکان چەند خوداوەندێکیان لە یەک خواوەندا کۆکردنەوە وەکو دەبینرێت دەقێک هەیە چەند خوداوەندێک دەکاتە ئەندامی خوداوەندی نینورتال، ئێنلیل (ننلیل چاوەکانی، سن ددانەکانی، ئانو و ئەنتو لێوەکانی)، لەوانەیە ئەم نمونانە هەوڵێک بێت لەلایەن کاهینەکانەوە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی خوداوەندەکان و پەرەپێدانی باوەڕ بە خوداوەندێکی باڵادەست و کاریگەر لە نێو خوداوەندەکاندا، ڕەنگە پیاوانی ئاینی ویستبێتیان ڕایبگەیەنن کە ژمارەی خوداوەندەکان لە واقیعدا زۆر کەمترە لەوەی خەڵک بیری لێدەکەنەوە، (الأحمد،٢٠١٣ :١٧).

## بەراوردێک لەنێوان خواوەند مەردۆخ و خواوەند ئاشور:

### یەکەم: خواوەند مەردۆخ:

خوداوەند مەردۆخ ناوەکەی لە دەقە سۆمەرییەکاندا بە ناوی (dAMAR-UTU) بەواتای "خێرایی خوداوەند شەمش"و لەزمانی ئەکەدیدا بە ناوی "مەردوک - Marduk " هاتوە، ناوی ئامار-ئوتو کە باوترین ڕێنوسی ناوی ئاسمانی مەردۆخە، ئاماژەیە بۆ پەیوەندی نێوان مەردۆخ و خوداوەندی شەمش، سەرەتای باسکردنی خوداوەندی مەردۆخ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٦٠٠ پ.ز، لە کاتێکدا کۆنترین وەسفی ئەدەبی بۆ خوداوەند مەردۆخ لە پێشەکی یاسای حەمورابیدا(١٧٩٢ – ١٧٥٠ پ.ز) دەردەکەوێت، (الکریماوی،٢٠١٦: ٣١ – ٣٥).



خواوەند مەردۆخ:
(Black & Green, ١٩٩٢ :١٢٩ ).

خواوەندی مەردۆخ لە سەرەتادا خوداوەندی شارێکی بچوک بوە لە عێراقی کۆن و هیچ گرنگییەکی تایبەتی نەبوە، مەردۆخ لە هەرەمی ئەکەدیدا وەک کوڕی خوداوەند ئێنکی/ئیا ئاماژەی پێ کراوەو هاوسەرەکەی سەربانیت بوە، پەرستگای لە بابل ئیساگیل (E. SAG. IL) بو، واتە ئەو خانوەی کە سەری بڵندە، (ادونیس،١٩٩٧: ١٠٦).

سەبارەت بە ڕەچەڵەکی خوداوەند مەردۆخ، لەسەر بنەمای دەقەکانی ئەفسانە، لە خوداوەندی "ئێنکی/ئیا"وە هاتوە، دایکی ناوی دامکینە، لە نەوەکانیدا خوداوەند نابو هەبو کە خوداوەندی نوسینە، وە خوداوەندی "عشتار" بە خوشکی دادەنرا، ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی خوداوەند مەردۆخ بەدەستی هێنا، یەکێک بو لە گرنگترین پێشهاتە ئاینییەکان لە هەزارەی دوەمی پ.ز، بەم شێوەیە خوداوەند مەردۆخ پێگەیەکی گرنگی بەدەستهێناو بە پاڵەوانی چیرۆکی دروستکردنی بابلی دانراو وەک پاشای خوداوەندەکان سەیرکراو بەشێک لە خوداوەندەکان کۆمەڵێک لە سیفەتەکانی ئەویان وەرگرت و هەمو ئەرکەکانی خوداوەندی "ئێنلیل"ی گرتە ئەستۆ، لە باوەڕی بابلیەکاندا چارەنوسی پاشا و فەرمانڕەواکان لە دەست ئەودابو، (فاضل،٢٠٠٢ : ١١٥- ١١٧).

دەقێکی ئەکەدی هەیە لە کۆتایی هەزارەی دوەمدا، کە لە نوێژێکەوە وەرگیراوە، ئەو نوێژە ڕوەو خواوەند (مەردۆخ)ە کە گەورەو سەرداری سەردەمەکەی بوە، هاتوە:

(بەرێز مەردۆخ، ئەی خواوەندی هەرەبەرز

کە خاوەنی عەقڵێکی لە سەروی عەقڵەکانەوە،

کاتێک دەردەچی بۆ شەڕ، ئاسمانەکان بەسەریەکدا دەکەون،

کاتێک دەنگ بەرز دەکەیتەوە، دەریا دێتە جۆش

کاتێک شمشێرەکەت هەڵدەکێشی، خواوەندەکان تێکدەشکێن:

کەس بەرگەی جامی تورەییت ناگرێت

ئەی خوداوەندی مەترسیدار کە هاوشێوەت نییە لە نێو خواوەندەکاندا

ئەتۆ لە ئاسمانی بریقەدارەوە بەپیرۆزی دادەباری


شمشێرەکەت لە گەردەلولدا گری لێ بەرز دەبێتەوە

گڕو بڵێسەکەت چیا سەختەکان وردو خاش دەکات

دەریا دێتە شەپۆل و هاوار)، (بوتیرو،١٩٩٠ :٢٥٤).

پەیکەری خواوەند مەردۆخ لەسەردەستی عیلامیەکان بەتاڵان بردرا، دوای بڵاوبونەوەی سەرکەوتنی نەبوخودنەسری یەکەم (١١٢٤-١١٠٣ پ.ز) بەسەر عیلامیەکان و گەڕانەوەی پەیکەری مەردۆخ و سەربانیتی هاوسەری بۆ بابل، مەردۆخ گەڕایەوە بۆ بون بەخوداوەندی وڵات و خوداوەندی جیهان،(ادونیس،١٩٩٧ :١٠٧–١٠٨).

**دوەم: خوداوەند ئاشور:**



خواوەند ئاشور : (Black & Green, 1992 :38).

ناوی خوداوەند ئاشور لە دەقەکانی سۆمەری بە USAR هاتوەو هاوتایە لەگەڵ فۆرمی ئەکەدی Assur، ئەم ناوە ئەوە دەردەخات کە بە ڕەچەڵەک دورگەیی بوە، ئەم ناوە لە سەردەمی شەمشی-ئەدەدی یەکەم کە هاوچەرخی حەمورابی بابلی بو بەکارهاتوە، لە دەقە ئەفسانەییەکاندا باس لەوە کراوە کە ژنی خوداوەندی ئاشور ناوی شێرو بوە، بەڵام هەندێک بۆچون باس لەوە دەکەن کە خوداوەندی ئاشور ژن و منداڵی نەبوە، بەو پێیەی ئەو پەیوەندییە خێزانییەی نییە کە لە خوداوەندەکانی بەشی باشوری عێراقی کۆندا بەرچاو دەکەوێ، لەوانەش خوداوەندەکانی سۆمەری و بابلی، بۆیە لەدەقەکان باسی ڕەچەڵەکی خوداوەندی ئاشوری نەکراوە، چونکە خوداوەند ئاشور ڕۆڵی خوداوەند مەردۆخی بینیوە، سیفەتەکەی لەگەڵ چەمکە ئاشورییەکان یەکدەگرێتەوە کە سیفەتی جەنگاوەرییە، (فاضل،٢٠٠٢ :١٢٩).

ئاسۆر - ئاشور AŠŠur، خوداوەندی نەتەوەیی ئاشور بو، لە بنەڕەتدا لەوانەیە خوداوەندی ناوخۆیی شارەکە بوبێت کە هەمان ناوە، یان باشتر بڵێین - بەو پێیەی لە عێراقی کۆندا نائاساییە کە خوداوەند و شارەکە هەمان ناویان هەبێت (سوێندخواردن بە ناوی شارو خۆی خواوەندێک بێت)، بۆیە لەگەڵ بڵاوبونەوەی فراوانی و دەسەڵاتی ئاشور، باڵای دەوڵەت و ئیمپراتۆریەت، (Black & Green,1992: 37).

سەرچاوە مێژوییەکانی ئێبلا دەرکەوتنی ئەو خواوەندە دەگەڕێننەوە بۆ دەوروبەری ساڵی ٢٥٠٠ پ.ز، دواین باسی خواوەند ئاشور لە نوسینە ئارامیەکان دەرکەوتوە، لە سەدەی سێزدەیەمی پ.ز ئاشوریەکان خواوەند ئاشوریان بە

خواوەند ئێنليل چواندوە، هەربۆيە نازناوەكانيشی بون بە هەمان نازناوی ئەو خواوەندە (ئێنليل)، وەكو (شاخی گەورە)، (پەروەردگاری وڵاتان)، (باوكی خواوەندەكان)، لە سەدەی (نۆيەمی پ.ز)ەوە خواوەند ئاشور هاوتا بو لەگەڵ خواوەند ئەنشار، باوكی خواوەند ئانو، (ڕەشيد،٢٠٢٤ :٣٤).

ئاشور وەک خوداوەندی شار و پایتەختی ئاشور بەهەمان ناو، لە زۆر ڕووەوە لەنێو خوداوەندە پەرستگاكانی عێراقی كۆن ناوازە بو، كاتێک شارەكەی بەرزبووەوە بۆ ئەوەی ببێتە پێشەنگی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی نزیكدا، پیاوانی ئاینی ئاشوری هەمو نازناوێكیان وەكو گەورەی گەردون و دروستكەر و ڕێكخەری گەردون و باوكی خوداوەندەكانیان بۆ ئاشور دابین كرد، (Oppenheim, 1977:196).

لە بارەی گرنگی خواوەند ئاشور كە پاشاكانی ئاشوری شەلمەنسەری چوارەم و سەرجۆنی دوەم و ئەسەرحەدۆن بۆ خوداوەندەكەیان (ئاشور) و بۆ هەمو خوداوەندەكانی دیكەی وڵاتی ئاشور و هەروەها بۆ هەمو هاوڵاتیانیان نوسیوە (ڕاپۆرتی هەڵمەتە سەركەوتوەكان لەخۆدەگرن، كە بە شێوازێكی شیعریی نوسراون و دیارە مەبەست لێی خوێندنەوە بوە بۆ كاهینی خوداوەند و هاوڵاتیانی شارەكە) هەندێ نامەی تر هەن وەكو نارەزایەتی خواوەندەكانن بەرامبەر پاشاكان، یەكێكیان لە خوداوەند نینورتاوە ئاراستەی پاشایەكی ئاشوری كراوە، نارەزایی خوداوەندەكە دەردەبڕێت وە بۆ شەمشی-ئەدەدی پێنجەم، (Oppenheim, 1977 :280).

تێكەڵكردنی ئاشور لەگەڵ هەندێک لە خوداوەندە سەرەكییەكانی پەرستگاكانی سۆمەری و بابلیدا پەیدابو لە نزیكەی ساڵی ١٣٠٠ پ.ز، دەتوانین شوێنپێی هەندێک هەوڵ وەربگرین بۆ ناسینەوەی لەگەڵ ئێنلیلی سۆمەری، بەم پێیە نینلیل وەک هاوسەری ئاشور سەیر دەكرا، پاشان لە سەردەمی سەرجۆنی دوەمی ئاشوریدا (٧٢١- ٧٠٥پ.ز) ئاشور مەیلی ئەوەی هەبو كە لەگەڵ ئەنشار باوكی ئانو (ئان) لە داستانی دروستكردنی بابلیدا بناسرێتەوە، لەسەردەمی سەنحاریبی جێنشینی سەرجۆن (٧٠٤–٦٨١ پ.ز)، دوبارە هەوڵ درایەوە، هۆكارە بنەڕەتیەكانی پشت ئەم كارە بەڕونی ململانێی سیاسی و سەربازی نێوان ئاشور و بابل بو، ئەمەش گەیشتە لوتكە بە گەمارۆدان و داگیركردن و دەركردنی بابل لە ساڵی ٦٩١ پ.ز و تەنانەت نیشانەكانی ئاشور لە خوداوەندەكانی بابلەوە وەرگیراون، بەهۆی گواستنەوەی سیفەت و ئەفسانەی خوداوەندەكانی دیكە بۆی، ئاشور وەک خوداوەندێكی نادیار دەمێنێتەوە كە هیچ كارەكتەری ڕون و نەریتی خۆی نییە، دەوترێت تەنها لە دەسەڵاتی ئەودایە كە پاشایەتی بەسەر ئاشوردا بدات (یان لابدات) پاشاكانی ئاشور ناوی خوداوەندەكەیان بۆ ناوی خۆیان دانا وەكو: (ئاشورناصرپاڵ، ئاشور-بانیپاڵ، ئەسەرحەدون، ئاشور-ئاهە-ئیدینا) خوداوەند ئاشور پاڵپشتی و هاندانی سوپای ئاشوری دەدا، (Black & Green,1992: 38) .

بەڵام لەحاڵەتێكی ئاشتیدا، خوداوەند ئاشوری بە چاوێكی پیرۆزو بەرزەوە سەیر دەكرا، ئەو سەروەرەو حوكمڕانی ئەنجومەنی خوداوەندەكان دەكات، عەصا و تاج دەبەخشێت و دەسەڵاتی پاشایەتی دادەمەزرێنێت، هەرچەندە ئاشوریەكان زۆربەی كات خوداوەندەكانی سۆمەری و بابلیان دەپەرست، بەڵام پیرۆزییەكی تایبەتیان بە خوداوەند ئاشور بەخشیبو، پاشاكان لە نوسراوەكانیاندا بە وشەی "خوداوەند" یان "گەورە" ناویان دەبرد، بەهۆی ئەو پێگە دیارو گرنگیپێدانە تایبەتەی كە خوداوەند ئاشور لەنێو ئاشورییەكاندا وەریگرت، لەشارەكانی ئاشوری دا پەرستگای گرانبەهایان بۆ دروستكرد، وەكو پەرستگای"ئای-شارا"، و پەرستگای "ئای-خرساک-كر - كرا" پەرستنی ئەم خوداوەندە لە باكوری عێراقی كۆن تا سەدەی سێیەمی زاینی بەردەوام بوە، (فاضل،٢٠٠٢ :١٣٠ - ١٣٣).

## دەرئەنجام:

### لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێک:

1- ئاین بنەمای هاوبەشی هەمو گەلانە، خاڵی گرێدراوی نێوان میسرو عێراقی کۆن ئەوەیە کە هەردو شارستانییەت بە دیندارو خاوەن ئاینی سەربەخۆ ناسراون، هەردوکیان بەپێی هەلومەرج و تێگەیشتنیان بۆ ئاین بونەتە خاوەنی ئاینیکی ناوخۆیی کە بتوانن کۆمەڵگا ڕێکبخەن و پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و حکومڕانییەکان گرێ بدەن.

٢- بەهۆی دروستبونی دۆخێکی ناوخۆیی یان دەرەکی گۆڕانکاری لە شێوەی بیرکردنەوەی ئاینی دروست دەبێت، ئەو گۆڕانکاریە ڕەنگدەداتەوە لە پەرستنی خواوەندەکان و زۆرو کەمیان لە هەردو شارستانییەت کەوتۆتە سەر هەرسێ لایەنی گۆڕانکاری ئاینی و سیاسی و ئابوری، بۆیە میسرو عێراقی کۆن لەو ڕووەوە خاڵی هاوبەش و جیاوازیشیان هەیە.

٣- بنەما(مبادئ)ەکانی بیروباوەڕی ئاینی میسری کۆن ئەو بنەمایانەی لەخۆ دەگرت: (ئەفسانەی دروست بون، فرەخواوەندی، قوربانی کردن، پاککردنەوەکان، پەرستشە پیرۆزەکان، ژیانی دوای مردن، کتابی پیرۆز، بیروباوەڕەکان دەربارەی فیرعەون ).

٤- لە پەرستنی خواوەندو ڕێوڕەسم و قوربانی کردن و زۆر شتی دیکەش، خاڵی هاوبەشی هەردو شارستانییەت بەرچاو دەکەوێ، بۆ نمونە ناو سیفات و ئەرکی خواوەندەکان لێکچون و جیاوازیان هەیە، بەڵام زۆرجار هەمان ئەرک و سیفەت لە عێراقی کۆن بۆ خواوەندێک بەناوی جیاوازەوە لە میسری کۆنیش هەیە، چونکە هەردوکیان دیاردە سروشتیەکان کاریگەری بەسەریانەوە هەبوە، ئەوەش وای کردوە ئاسمان و زەوی، ئاو با، تەنها ناوی خواوەندەکانیان و کەمێک لە ئەرک و سیفەتەکانیان بگۆڕێ دەنا هاوبەشی زۆریان بەیەکەوە هەیە.

٥- پوختەی بنەما(مبادئ)ەکانی بیروباوەڕی ئاینی عێراقی کۆنیش لەو چەند بنەمایەدا خۆی دەبینێتەوە: (ئەفسانە و چیرۆکی ئاینی، فرەخواوەندی، سروشتی خواوەندەکان وەکو مرۆڤ، مەراسیم و پیادەکردنی ئاینی، ژیانی دوای مردن).

٦-بۆ هەردو شارستانییەت، تۆمارکردن و نوسینەوەی بیروباوەڕە ئاینییەکان و ئەفسانەکانیان سودی زۆری هەبوە بۆ ئەوەی بزانرێ کەی یەکتاپەرستی سەری هەڵداوە، کاهینەکان هەوڵیان داوە ئەو ئەفسانەو چیرۆکانە فێری مناڵان و خەڵکی بکەن بۆ ئەوەی بیر نەچنەوە، لەبۆنەو یادەکاندا شێوازی ڕێوڕەسمیان بۆ خواوەندەکان ڕێکخستوە، لە پاڕانەوەو نوێژو سرودەکانیان باسی ئەو داستان و ئەفسانانەیان کردوە، ئەوەش بۆ مێژونوسان و لێکۆڵەرەوان سودی گەورەو گرنگی هەیە.

٧- چەمکی یەکتاپەرستی و تەوحید بە پێناسەی باو لە میسری کۆن و عێراقی کۆن دا جیاوازی هەبوە، ڕەنگە بەشێکی بگەڕێتەوە سەر تێگەیشتنی هەردو شارستانییەت لە ئاین و بنەماو پێکهاتەکانی و خواوەندەکان، دەتوانرێ بگوترێ (تەفرید) هەبوە لە عێراقی کۆن دا، وەکو لە بابل تەنیا مەردۆخ و لە ئاشور تەنیا ئاشور پەرستراوە، بەڵام ڕێز لەخواوەندەکانی تریش گیراوە، بەڵام لە میسری کۆن پرسی یەکتاپەرستی بە جۆرێکی تر بوە، واتە چەمکی یەکتاپەرستی لەوێدا چەسپاوەو بەتەواوی یەکخواوەند بوەتە خواوەندی تەواوی میسر، وەکو خواوەند ئاتون لەلایەن ئەخناتونەوە پشتگیری کراوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

ابراهيم مصطفى وأخرون، ١٩٨٩، المعجم الوسيط، ج ١+٢، استانبول: دار الدعوة.

إدواردز، أ.أ.س، ١٩٩٧. أهرام مصر. ط ٢، القاهرة: مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب.

ادونيس، ١٩٩٧. ديوان الاساطير (سومر و أكاد و أشور ). ط١، ج ٢، بيروت: دار الساقى.

ارمان، أدولف، ١٩٩٥. ديانة مصر القديمة نشأتها و تطورها و نهايتها فى اربعة الالف سنة. القاهرة: مكتبة مدبولى.

أسمان، يان، ٢٠٠٥. مصر القديمة تاريخ الفراعنة على ضوء علم الدلالة الحديث. كولونيا – ألمانيا: منشورات الجمل.

الأحمد، سامي سعيد، ٢٠١٣. المعتقدات الدينية في العراق القديم. بيروت: المركز الأكاديمي للأبحاث.

الجنابى، قيس حاتم هانى، ٢٠١٢. تاريخ الشرق الادنى القديم. ط١، عمان: دار صفاء للنشر و التوزيع.

الحسيني، عباس على عباس، ٢٠١٢. مجتمع الآلهة في الديانة المصرية القديمة. ط١، بغداد: دار نيبور.

الحصونه، نعيم الرضوي، ٢٠١٩. ملامح التوحيد في الديانة العراقية القديمة. لبنان: دارالفيحاء.

الخوري، لطفى، ١٩٩٠. معجم الاساطير. ط ١، ج١، بغداد: دار الشئون للثقافة العامة.

الدباغ، تقي،١٩٦٧. آلهة فوق الأرض دراسة مقارنة بين المعتقدات الدينية القديمة. مجلة سومر، العدد ٢٣، (ج ١+٢).

الرازى، احمد بن فارس بن زكريا، ٢٠١١. معجم مقاييس اللغة. ج٢، بيروت: دار الكتب العلمية.

السعدي، حسن محمد محيى الدين، ١٩٩٥. تاريخ الشرق الأدنى القديم العراق – إيران – آسيا الصغرى. ج٢، الإسكندرية: دار المعرفة الجامعية.

العطبي، علاء راضى فالح، ٢٠١٤. الدور السياسي والحضاري للمؤسسة الدينية في العراق القديم منذ عصر فجر السلالات إلى سقوط سلالة أور الثالثة (٣٠٠٠ – ٢٠٠٤ ق.م ). واسط: رسالة الماجستير غير منشورة تقديم الى كلية التربية فى جامعة واسط.

الفيروزابادى، مجدالدين محمد بن يعقوب، ٢٠٠٠. القاموس المحيط. ط٢، بيروت: دار احياء التراث العربى.

الكيلاني، رعد شمس الدين، ٢٠٠١. الانبياء في العراق دراسة مقارنة بين القرآن والتوراة والآثار. ط١، بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة – أفاق عربية.

الكريماوى، خاليد ناجى، ٢٠١٦. الآله مردوخ كبير الالهة البابلية. ط ١، دمشق: تموز، طباعة - نشر - توزيع.

عطية الله، حازم احمد، ١٩٨٥. الاله كبير فى مصر. المجلة التاريخية المصرية، العدد ٣٢، (المجلد ٣٢).

المزورى، عماد عبدالقادر محمد سعيد، ٢٠٠٢. الكاشيون (١٥٩٥ – ١١٦٢ ق. م)، دراسة سياسة حضارية. جامعة صلاح الدين، أربيل: رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى مجلس كلية الاداب.

المغلوث، سامي عبد الله احمد، ٢٠٠٧. أطلس الأديان. ط١، الرياض: مكتبة العبيكان للنشر.

اوكيل، صبيحة، ٢٠١٦، ظاهرة التوحيد في حضارة وادى الرافدين بين النصوص القديمة و الديانات السماوية. اطروحة دكتوراه غير منشورة تقديم الى كلية العلوم الانسانية، جامعة الجزائر٢. الجزائر.

باقر، طه، ٢٠١٢. مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة. ج١، بغداد: شركة الوراق للنشر.

باقر، طه; علي، فاضل، عبدالواحد; سليمان، عامر، ١٩٨٧. تاريخ العراق القديم. ج١، بغداد: مطبعة جامعة صلاح الدين.

باقر، طه; فرنسيس، بشير، ١٩٤٩. الخليفة واصل الوجود. مجلة سومر، العدد ٢.

برستيد، جيمس هنري، ٢٠٠٠. فجر الضمير. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب مكتبة الأسرة.

بقة، بلخير، ٢٠١٩. نشأة وتطور الديانة في وادي الرافدين. مجلة العبر للدراسات التاريخية والأثرية، العدد ١.

بوتيرو، جان، ١٩٩٠. بلاد الرافدين (الكتابة – العقل – الالهة). بغداد: دارالشؤن للثقافة العامة.

تشرني، ياروسلاف، ٢٠٢١. الديانة المصرية القديمة. القاهرة: دارالمعارف.

جيمز، ت. ج. هـ.، ١٩٩٩. كنوز الفراعنة. الاسكندرية: مكتبة الاسرة.

حسن، سليم، ٢٠١٧. موسوعة مصر القديمة، في عصر ما قبل التاريخ إلى نهاية العصرالإهناسي. ج١، القاهرة: مؤسستة هنداوى.

حنون، نائل، ٢٠١٤. تطور الفكر الديني في حضارة بلاد الرافدين القديمة. مجلة العميد، العدد ١١.

درويش، عبدالحميد، ١٩٩٨. الفلسفة في مصر القديمة من أمحوتب إلى أخناتون ٢٧٨٠ – ١٣٤٠ ق.م. ط١، القاهرة: مكتبة وهيبة.

دوريس، جورج بوزنر، سيرج سونرون، جان يويوت، أ.أ.س. ادواردز، ف.ل.ليونيه جان، ١٩٩٦. معجم الحضارة المصرية القديمة. ط٢، الاسكندرية: مكتبة الاسرة.

ديماس، فرانسوا، ١٩٩٨. الهة مصر. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.

ديورانت، ول وايريل، ١٩٧١ . قصة الحضارة، الشرق الادنى. القاهرة: مطابع الدجوى.

ساكز، هارى، ١٩٧٩. عظمة بابل، موجز حضارة وادي دجلة والفرات القديمة. لندن.

سلطان، عز سعد، ٢٠١٤. مكانة إله الشمس في أساطيربلاد النهرين و مصر القديمة. مجلة كلية الآداب، العدد ٥٥.

صالح، عبدالعزيز، ١٩٥٩. الوحدانية في مصر القديمة. مجلة سجل الثقافة، العدد٣١.

عبد، رسل ماجد; حنون، فاضل كاظم، ٢٠٢٣. فلسفة التوحيد في مصر القديمة "عبادة الإله الشمس". مجلة كلية التربية، العدد ٥٣.

عليان، رشدى; الساموك، سعدون، ١٩٧٦. الاديان دراسة تاريخية مقارنة. ط١، بغداد: جامعة بغداد.

فاضل، فاتن موفق، ٢٠٠٢. رموز اهم الالهة فى العراق القديم – دراسة تاريخية دلالية. الموصل: رسالة ماجستير غير منشورة تقديم كلية الاداب جامعة الموصل.

قاشا، سهيل، ١٩٩٨. أثر الكتابات البابلية في المدونات التوراتية. بيروت: بيسان للنشر والتوزيع.

كامل، هويدة احسان، ٢٠١٦. سمات و أنماط العمارة الدينية فى العراق القديم، الزقورة نموزجا. مجلة الملوية للدراسات الاثارية و التاريخية، العدد (٣).

كريمر، صاموئيل نوح، ب. ت. السومريون تاريخهم وحضارتهم وخصائصهم. الكويت .

كريمر، صاموئيل نوح، ٢٠٢٣. الاساطير السومرية. بغداد:

ماسبريو، غاستون، ٢٠١٧. تاريخ المشرق. القاهرة: مؤسسة هنداوي.

هاشم، زينة قاسم، ٢٠١٨. الفكر الديني وتأثيرهُ على مجتمع بلاد الرافدين. بغداد، بحث منشور في المؤتمر العلمي الثالث لكلية الاداب جامعة بغداد.

هينليس، جون. ر، ٢٠١٠. معجم الآديان الدليل الكامل للآديان العالمية. ط ١، القاهرة: طبع بالهيئة العامة لشئون المطابع الآميرية.

يويوت، باسكال ڤيرنوس، چان، ٢٠٠١. موسوعة الفراعنة (الاسماء– الاماكن– الموضوعات).ط٢، القاهرة: دار الفكر للدراسات والنشر و التوزيع.

جميل، کەلسومە، ٢٠١٨. مێژوی دێرینی میسر. چ ١، هەولێر: نوسینگەی تەفسیر.

جميل، کەلسومە، ٢٠٢٣. مێژوی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نزیک (عێراق - ئێران _ شام). چ ٤، هەولێر: نوسینگەی تەفسیر.

حمەشیرین، دڵکەش ابراهیم، ٢٠٢٤. ژنە کاهینەکان لەمیسۆپۆتامیا و میسری کۆن (لێکۆڵینەوەیەکی شارستانی بەراوردکارییە). سلێمانی: زانکۆی سلێمانی .

ڕەشید، فەوزی، ٢٠٢٤. سەرهەڵدانی بیروباوەڕە ئاینیەکان. هەولێر: چاپخانەی سنور.

فاروق، ئیسماعیل، ٢٠١٩. تەوحید و ناوەڕۆکی لە هزرو ژیاندا. چ١، سلێمانی: ناوەندی ڕێنوێن.

کوتیر، چان ڤیر، ٢٠٢٣. میسری کۆن، لە کۆنترین سەردەمەوە تا کۆتایی خێزانە پاشایەتیەکان. چ ١، سلێمانی: چاپخانەی گەنج.

محمود، علی عبداللە، ٢٠٢١. ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی ئاینی لەسەر مۆمیاکردن لە میسری کۆن (١٥٦٧ - ١٠٨٥پ.ز). گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ٤.

Assmann, Jan.٢٠٠٤ , Monotheism and Polytheism, Religions of the Ancient World, Cambridge Mass.

Black ،J .Green ،A. .١٩٩٢ ،*Gods, Demons and Symbols of Ancient Mesopotamia, An Illustrated Dictionary* . Britain: printed in by the Bath Press.

E.AWallis budge D. ،M .L. .١٩٠٤ ،*The Gods of the Egyptians* .Vo.1 London: printed by Gilbert and Rivington, ltd.

F.r.a.s ،J .B. .١٩٢٥ ،*Egyptian papyria and papyrus-hunting* .London: Printed in great Britain by William clowes and sons.

Kramer, Samuel Noah.١٩٦١ , Sumerian mythology, A Study of Spiritual and Literary Achievement in the Third Millennium B.C .First edition ,New York: Harper Paperback.

Montserrat ،D. .٢٠٠٠ ،*Akhnaten History, fantasy and ancient Egypt* .London and New York: Routledge.

Oppenheim ،A .L. .١٩٧٧ ،*Ancient Mesopotamia, Portrait of a Dead Civilization* .Chicago: The University Chicago Press.

Putthoff, Tyson L.٢٠٢٠ , Gods and Humans in the Ancient Near East, New York: Cambridge University Press .

## پەراوێزەکان:

(١)- **یەکتاپەرستی لەڕوی زمانییەوانییەوە:** واتە یەک خواپەرستی (یەکتاپەرستی) (التوحید) (Monothéisme): لە (یەک)ەوە هاتوە، واتا هیچ هاوەڵێکی نەبێت و تەنها یەک بێت و زیاتر نا، واتا دانان بەوەدا خودا یەکە، لە پەروەردگارێتی و شکۆمەندی و گەورەیی خۆیدا، لە بیروباوەڕی ئیسلامیدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مسوڵمان دەبێ باوەڕی تەواوی وابێ کە خودا شەریکی نییە، وە بە تاک دانانی خودا لە خۆی و سیفاتەکانی و کردارەکانیدا. بڕوانە: (مصطفى وأخرون،١٩٨٩ :١٠١٦؛ الفيروزابادى،٢٠٠٠ :٤٦٧؛ الرازى،٢٠١١ :٦٢٣).

(٢)- مێژونوسان جیاوازیان هەیە لە دیاریکردنی ئەو ساڵەی کە مینا پاشا دەستی بە حوکمڕانی میسری یەکگرتو کردوە، هەندێکیان دەیگەڕێننەوە بۆ ساڵی ٤٣٢٦ پ.ز، هەندێکیان مێژوی ئەم ڕوداوە لە دەوروبەری ساڵی ٥٠٠٠ پ.ز دادەنێن، مێژونوس دیکە هەن، مێژوی ئەم ڕوداوە بۆ ساڵی ٢٩٠٠ پ.ز ، یان ساڵی ٢٧٠٤ پ.ز دەگێڕنەوە، بەڵام بۆچونەکان ڕێگایەکی مامناوەندیان گرتۆتەبەرو ساڵی ٣٢٠٠ پ.ز بە گوتەی مانیتۆ لەم مێژوەدا پاشاکانی میسری یەکگرتو دەستیان بە حوکمڕانی وڵاتەکە کردوە، (حسن، ٢٠١٧ :١٢١).

(٣) - سەردەمی شانشینی کە ٣٢٠٠ - ٣٠٠٠ پ.ز دەگرێتەوە، هاوتایە لەگەڵ سەردەمی ناسراو بە نەقادەی سێیەم، دروستبونی دەوڵەت لەو سەردەمەدا دەستی پێکرد و ڕەنگە پێش ئەو سەردەمەش و زۆرێک لە دەوڵەتە – شارەکان لەو قۆناغەدا لە هەردو دیوی ڕوباری نیل دەرکەوتبن، بەو پێیەی نزیکەی ٤٢ دەوڵەتە – شار هەبون ململانێ لە نێوانیان دەستیپێکرد لە هەوڵێکدا بۆ فراوانکردنی یەکێکیان لەسەر حیسابی ئەوی دیکەو بەدرێژایی سەدەکان بچوکبونەوە بۆ دو شانشین: شانشینەک لەباشور لەمیسری سەرو(زەوی صعيد) پایتەختەکەی (نخن) بو، ئەوەی تر شانشینی باکوری لەخۆگرتبو لە میسری خوارو (دەلتا)، پایتەختەکەی (بوتۆ) بو، مێژونوسان پێیان وایە شانشینی میسری خوارەوە بە شێوەیەکی ئاشتیانە ملکەچی شانشینی میسری سەرەوە بوە، (الجنابى، ٢٠١٢ :١٧٧).

(٤) - **پاپیروس**، مادەیەکی نوسینە، بە قەڵەم یان فڵچەیەک لەسەری نوسراوە، ئامرازێک بوە بۆ تۆمارکردنی ڕوداوە مێژوییەکان، پاپیرۆسی میسری گونجاوترین مادەبوە بۆ پاراستنی نوسین، ئەو ڕوەکە گرنگیەکی زۆری هەیە بەتایبەت جۆری (پاپیرۆسی سایپەرۆس)، ئەو ڕوەکە بەرزە ڕەسەنە بەردەوام لە دەستی خوداوەندە میسرییەکاندا دەبینرێت، وەک نیشانەی خودایی، پاپیروس بەشی ناوەوەی لە چین یان توێکڵەکانی یەک لە دوای یەک پێکهاتوە کە سروشتی کاغەزی سپییان هەیە، بێگومان قەبارەیان جیاواز بون قەبارەیەکی باو بۆ ئەو بەڵگەنامانەی کە تەنیا بۆ بەکارهێنانی ئاسایی دانراون، پانییەکەی ٥ ئینچ بو، بەرزییەکەی ٩ بۆ ١١ ئینچ بو؛ بەڵام ئەو پەڕانەی کە دەبو بۆ نوسینە گرنگەکان یان پیرۆزییەکان بەکاربهێنرێن، ڕێژەیەکی زۆر گەورەتریان هەبو، هەندێکجار بەرزییان دەگەیشتە ١٦ بۆ ١٨ ئینچ، دەتوانرا پەڕە زیاد بکرێت بەپێی پێویست، پاپیروس بە هیچ شێوەیەک شتێکی هەرزان نەبوە، (F.r.a.s, ١٩٢٥ : 13 – 18).

(٥) - **تیبە** Thebes: شاری کۆشکەکان، لە بنەماڵەی ١١ - ١٩ پایتەختی دەوڵەت و بنەماڵەکانی میسر بوەو زۆر ناوی تری لێنراوە، تیبەی کۆن دەکەوێتە میسری سەرو، شوێنێکی گرنگ بوەو پەرستگاکانی خوداوەندو پاشاکان و گۆڕەکان لێ بون، تیبە لە هەزارەی دوەمدا جێگەی مەمفیسی گرتەوە، دوای دەرکردنی هیکسۆسەکان لە میسر، بوەتە ناوەندی گەورەی سیاسی و ئاینی، تەختی (ئامون) پاشای خوداوەندەکان لەوێ بو، ئامون بەواتای شاراوەو نەبینراو یەکێکە لە نۆ خواوەندەکان کە لە نێوان ئەشمۆنین و مەمفیس و تیبە هەموشتەکانی دروست کردوە، شاری تیبە، لە دوای ساڵی ٦٦٤ پ.ز پاشەکشەی کرد، هەرچەندە لەو کاتەوە پایتەختی سیاسی گواستراوەتەوە بۆ شارێک لە دەلتا و ناوبانگی ئامون کاڵ ببۆوەو گواسترایەوە بۆ خوداوەندەکانی تر، بەڵام تیبە وەک شایستەترین پایتەخت مایەوە، کە گوزارشت لە شکۆمەندی ڕابردوی گەورە دەکات، (دوريس،١٩٩٦ :٢٢١ - ٢٢٢)؛ (الحسيني،٢٠١٢ :١١٤ – ١١٧).

(٦) - کوڕی ئەمنحوتەپی سێیەمە، دوای باوکی دەسەڵاتی گرتە دەست و نزیکەی بیست و یەک ساڵ وەک پاشا لەسەر تەختی میسر مایەوە، لەو کاتەوەی دەسەڵاتی وەرگرتوە، لە خەمی چاکسازی لە کاروباری ناوخۆو دەرەوەی وڵات بوە، ئەو تێگەیشتوە کە چاکسازی پێویستی بە هەڵوێستێکی پتەو ڕێبازێکی یەکگرتو هەیە کە هەمو کاروباری سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئاینی لەخۆ بگرێت، بانگەوازی بۆ یەکتاپەرستی پاک کردوە، بۆچونەکانی لەسەر ژیان و مردن، حیکمەت و ئاین پێشکەش کردوە، لە ساڵی چوارەمدا ئەم پاشایە ناوی ئەخناتون (دیسکی خۆر)ی وەرگرت و لە میسری ناوەڕاست لە ناوچەیەکی پاک کە پێشتر هیچ پەرستگایەکی تێدا دروست نەکرابو بە ئاسۆی خواوەند ئاتون (ئەخن - ئاتون) ناسرابو، شارێکی فراوانی لەسەر دامەزراند بە ناوی ئامارنا، لە ساڵی شەشەمدا لەگەڵ دایکی شاژنە

تی و نەفرتیتی هاوسەری و کچەکانی و دەرباری کۆشکەکەی و دواتر حکومەتەکەی ڕویان کردە ئەویٚ، بۆ زیاتر لەسەر ئەخناتون بڕوانە: (درویش،١٩٩٨: ١٠٢ – ١٠٣)؛ (Montserrat,2000 :14)؛ (یویوت،٢٠٠١: ٦٤).

(٧)- **ڕەع**، گرنگترین و ناسراوترینی خوداوەندەکانی میسرە، فۆرمی مرۆڤی وەرگرتوە و وەک دروستکەری جیهان دەپەرسترێت، بە ڕۆژ بە گالیسکەکەی بەسەر ئاسماندا دەڕۆیشت و شەویش بە جیهانی ژێرزەویدا، ناوەندی پەرستگاکەی لە کۆنەوە لە هلیۆپۆلیس بوە، لەویٚ سەرۆکایەتی نۆیەمینی خواوەندەکان دەکات، کە پێکهاتوە لە (خۆی(ڕەع)، شو، تفنوت، جب، نوت، ئۆزیریس، ئیزیس، سیت و نەفتیس)، لە بنەماڵەی چوارەمەوە ڕەع بوەتە خوداوەندی فەرمی وڵات، لە دەوڵەتی نوێوە لەگەڵ ئامون تێکەڵ بوە لە ژێر ناوی "ئامون- ڕەع" پەرستراوە، (تشرنی،٢٠٢١: ٢٣٠ - ٢٣١).

(٨) - **بتاح** Ptah: خواوەندێکی بەناوبانگی میسریەکانە، تاکە خواوەندە هێمای مرۆڤی بۆ دانراوە، بەڵام بەبیٚ ئەوەی ئەندامەکانی بە ڕونی دیاربن، لە قۆناغەکانی دواتر لەگەڵ خواوەند ئابیس و سکر تێکەڵ کراوە، پاشان بە خواوەند تاتنن ناسراوە، خواوەندی دروستکەر و خواوەندی هەمو پیشەسازی و هونەرەکانە، (تشرنی،٢٠٢١: ٢٢٦).

(٩) - هەڕەمەکان یەکێکن لە کارە گرنگەکانی میسریە کۆنەکان، هەرچەندە بیرۆکەی میسری کۆن بۆ ژیانی دوای مردن چەندە سەرەتایی بوبێت، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێین کە هۆکاری بەرهەمهێنانی هەڕەم لە باشترین بەرهەمی هونەری بوە کە جیهانی کۆن بەرهەمیان هێناوە، پاشا و گەورەکان لەسەردەمی کۆن کاتیٚ دەنێژران، گۆڕەکانیان لە قوڕ دروستکرابون، بەڵام لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمدا پاشاکان بەردیان بەکارهێنا، کە پێش ئەوە بەردە بەکارنەهێنرابو، (ئەمحۆتپ) تەلارسازە بەناوبانگەکەی پاشا زۆسەر، هەمیشە شانازیی بە دروستکردنی یەکەم گۆڕی بەردەوە دەکرێت، سەرەتا گۆڕەکان لە سەکۆیەک دروستکرابو پاشان گۆڕەکان بونە هەڕەمی (مدرج – پلە پلە) پاشان پاشا خوفو کوڕی سنفیرو، ناوچەیەکی هەڵبژارد کە دەکەوێتە لێواری بیابانی ڕۆژئاوای جیزە و لەو ناوچەیەدا هەرەمێکی گەورەتر لە قەبارەی هەرەمی باوکی دانا، دو پادشای تری بنەماڵەی چوارەم بەدوایدا هاتن، ئەوانیش خفرع و منکورع دو هەرەمیان لە هەمان ناوچەدا دروستکرد، پێکەوە ئەم سیٚ هەرەمە بەناوبانگترین هەڕەمی جیهان پێکدەهێنن، بڕوانە کتێبی الاهرامات: (إدواردز، ١٩٩٧).

(١٠)- چیرۆکێک هەیە لە بنەماڵەی پێنجەم، گوایە خێزانی یەکێک لە کاهینەکانی خواوەند (ڕەع) سکپڕبوە بە هەرسیٚ پاشای یەکەمی ئەم بنەماڵەیە، بۆیە پەرستنی ئەم خواوەندە گەیشتۆتە پلەوپایەیەکی زۆر گەورە، لەو سەردەمەوە پاشاکان هەڵگری سیفەت و نازناوی (کوڕی ڕەع) بون، چونکە ناوی ڕەع دیارو ئاشکرایە، پاشاکانی ئەو بنەماڵەیەش بریتین لە: (ئۆسرکاف، ساحورع، چد کارع، نفرایر کارع، شبسکارع، نفر ئن رع، منکاو حورع، نی ئوسر رع)، (کوتیر،٢٠٢٣: ١١٢).

(١١) - شایانی باسە نازناوی "**فیرعەون** - Pharaoh" بە واتای "ماڵی گەورە" دێت، کە ئاماژەیە بۆ کۆشکی پاشایەتی، بۆ یەکەمجار لە دەقە هیرۆگلیفییەکاندا لە سەردەمی پاشا خفرع (بنەماڵەی چوارەم) دا هاتوە، بەڵام تا بنەماڵەی هەژدەم (سەردەمی ئیمپراتۆری) وەک نازناوی فەرمی بۆ پاشاکانی میسر بەکارنەهێنراوە، بەو پێیەی فیرعەون میراتگرێکی خودایی بوە، بەرپرسیار بوە لە دامەزراندن و پاراستنی پەرستگاکان (کۆشکەکانی خوداوەندەکان) و ئەنجامدانی ڕێوڕەسمەکان، لە بەرامبەردا پۆستی پاشا و باڵادەستی سەربازی و خۆشگوزەرانی مسۆگەری بۆ میسر و دانیشتوانەکەی وەرگرت کە خاوەندارێتی دەکرد. بڕوانە: (هینلیس،٢٠١٠: ٥٣٨)؛ (الجنابی،٢٠١٢: ١٧٨).

(١٢) - **سۆمەرییەکان،** وەک لە هەزارەی سێیەمی پ.ز ناسرابون، بەخاوەنی یەکەم شارستانییەتی دادەنرێن لە مێژوی مرۆڤدا، دانیشتوانی سۆمەر مەیلێکی ناوازەیان هەبو بۆ داهێنانی تەکنیکی و نوسین، تا ئەو ڕادەیەی کە دانیشتوانی بیرۆکەی ئاودێری دەستکردیان هێنایە ئاراوە، ئەمەش وایکرد ئاوی ڕوبارەکانی دیجلە و فورات ئاراستەی بکەن بۆ ئاودێری و پیتاندنی کێڵگە و باخەکانیان بەکاربیهێنن، سۆمەریەکان خاوەنی زیاتر لە لایەنێکی گرنگی شارستانییەت بونە، ڕەنگە قورس بێت بگەینە بنەچەی سۆمەری چونکە شێوازەکانی بڵاوبونەوەی کولتوری فرەلایەنە و سەخت و ئاڵۆزن، (کریمر، ١٩٧٣: ٣-٥)، شوێنەوارناسان لەبارەی ڕەچەڵەکی سۆمەریەکانیش بۆچونیان جیاوازە، هاری ساکز پێی وایە :(کە لەو چاخە سەرەتاییانەی هەزارەی سێیەمی پ.ز دەتوانریٚ دەرک بەسیٚ ڕەگەز و سیٚ شارستانی ببریٚ لە عێراقی کۆن کە بریتی بون لە سۆمەریەکان و سامیەکان و ڕەگەزو شارستانییەکی تریش کە سیماکانی بەتەواوی ڕۆشن نین، وە لە تێکستەکانیش وشەی سۆمەری و سامی زۆر ئاوێتەی یەک کراون)، (١٩٧٩: ٣٤).

(١٣) - **گلگامێش** - Gilgamesh پێنجەم پاشای بنەماڵەی وەرکایە، لە ساڵی ٢٧٠٠ پ.ز فەرمانڕەوایی کردوە، خاوەن بەناوبانگترین داستانە کە ناسراوە بە داستانی گلگامێش، کە باسی پاڵەوانێتی و ئازایەتی ئەو پاشایە دەکات، بڕگەی پێشەکی چەمکی سۆمەریەکان بۆ دروستکردنی گەردون نیشان دەدات، هەروەها ئەم داستانە لێکدانەوەی لافاوێکی گەورە دەخاتەڕو کە هەمو زەوی گرتۆتەوە، وە باسی پەیوەندی خۆی لەگەڵ هاوڕێیەکەی (ئەنکیدۆ) دەکات هەوڵی زۆر دەدات بۆ ئەوەی بگاتە نەمری، بەڵام پێی ناگات و دوای ئەوەی ئەنکیدۆی هاوڕێی دەمرێت، دەگاتە ئەو باوەڕەی کەمرۆڤ دەتوانێ بەکردەوە باشەکانی بەنەمری بمێنێتەوە، (هینلیس،٢٠١٠: ٢٧٢)؛ (عبدالواحید،٢٠٢٣ :٣٧).

(١٤)- **ئاداپا - Adapa:** ئاداپا کوڕی خوداوەندی حیکمەت (ئیا) بوە، ئەو پاشاو کاهینی شاری ئەریدۆ بو، کە کۆنترین شارەکانی بابلە، ئیا حیکمەت و عەقڵێکی گەشاوەی پێبەخشی، بەڵام ژیانی نەمری پێ نەبەخشی کە تایبەت بو بەخوداوەندەکان، یەکێک لە ئەرکەکانی ئاداپا پێشکەشکردنی ماسی بو بۆ مێزی خوداوەندەکان، هەمو ڕۆژێک بە بەلەمەکەیەوە دەچوە دەرەوە بۆ ئەوەی بە دەریادا بڕوات و ماسی بگرێت، ڕۆژێک لەدەریادا بو، بای باشور هەڵیکردو بەلەمەکەی وەرگەڕاند و لە کاتی تورە بوندا، ئاداپا دو باڵی بای باشوری شکاند و حەوت ڕۆژ (با) نەهات، خوداوەندی گەورە (ئانو) سەرنجی ئەم حاڵەتەی دا، بۆیە ئانو نێردراوەکەی (ئیلابرات)ی نارد لە هۆکارەکە بکۆڵێتەوە دوای گەڕانەوەی ئیلابرات باسی ئەوەی ئاداپا کردویەتی بۆ ئانو گێڕایەوە، بۆیە بە خواوەند ئانوی گوت کە ئاداپا بهێنێتە پێش خۆی، بە نیازی ئەوەی خواردنی مردنی پێشکەش بکات و بیکوژێ، (الخوري،١٩٩٠ :٢٦ – ٢٧).

(١٥)- لە کۆتایی هەزارەی سێیەم و سەرەتای هەزارەی دوەمی پ.ز، جوڵەی گەلانی سامی ڕۆژئاوا بەرەو ڕۆژهەڵات تا ناوەڕاستی عێراقی کۆن و بابل دەستی پێکرد، هاتنە ناوەوەی ئاشتیانەی ئەم گەلانە بۆ ناو بابل بە قەبارەیەکی بەرفراوان لە سەردەمی بنەماڵەی ئوری سێیەمدا دەستی پێکرد، ئەم بزوتنەوەیانە بۆ ماوەی نزیکەی دو سەد ساڵ بەردەوام بون و کاریگەرییەکی ڕونیان لەسەر لایەنە جیاوازەکانی شارستانییەتی ناوچەکە بەجێهێشت، لەوانە سیاسەت، ئاین و کۆمەڵگا، کۆچبەرە نوێیەکان، یان وەک زانایانی مۆدێرن پێیان دەڵێن، کەنعانییەکانی ڕۆژهەڵات، سامیەکانی ڕۆژئاوا، یان ئامورییەکان، لە کۆمەڵێک ناوەندی ڕۆشنبیری کۆن نیشتەجێ بون کە لەوێدا بنەماڵەیەکیان دامەزراند کە لە چەند ڕوی گرنگەوە جیاواز بون لە دەوڵەتە-شارەکانی پێشوی سۆمەری و لە دواین یەکەی سیاسی سەربەخۆی سۆمەری کە ئیمپراتۆریەتی ئوری سێیەم بو، زۆری نەخایاند بەر لە ڕوخانی بنەماڵەی ئور، ژمارەیەک لە فەرمانڕەواکانی دەوڵەتە-شارەکان توانیان سەربەخۆیی بەدەست بهێنن، لەوانە فەرمانڕەوای (انسی – Ensi) شاری ئەشنۆنە لەسەر ڕوباری دیالە، هەروەها فەرمانڕەوای شاری دێر کە دەکەوێتە نزیک سنوری عیلامییەکان، بەڵام ئەو حاکمەی کە دواجار توانی وڵاتەکە کۆنترۆڵ بکات، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کاتی بو، و خانەدانەکەی لە هەندێک ڕوەوە بە میراتگری شەرعی بنەماڵەی سێیەمی ئور دادەنرا، ئیشبی-ئارا بو، فەرمانڕەوای شاری ئیسین، کە لە ساڵی ٢٠١٧ - ١٩٨٥ پ.ز، حوکمڕانییەکەی دەرکەوت هەرچەندە وردەکاریەکانی سەرهەڵدانی ئیشبی-ئارا بۆ سەر دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی وڵات بە ناڕونی ماوەتەوە، قۆناغی یەکەمی دەوڵەتی بابلی کۆن لە ١٨٩٤ – ١٥٩٥ پ.ز بو، کۆتا سەردەمی بابلیەکانیش ساڵی ٦٢٥ – ٥٣٩ پ.ز بوە، (ساکز،١٩٧٩ :٧٨ – ٨٢، ٣٠٠).

(١٦)- **ئاشورییەکان:** بە ناوی یەکەم ناوەندی شارستانی خۆیانەوە ناونراون کە ئاشورەو دواتر بوەتە پایەتەختی دەوڵەتەکەیان، وشەی ئاشور لە دەقە مێخییەکاندا بە ناوی "ئا-ئوسار A - Usar" نوسراون، جگە لەوە بە (ئا – شور A - Shur)یش هاتوە بەدوایدا هێمای شار (کی - Ki) دێت، واتە شاری ئاشوری، هەروەها ناوی ئاشور بە خوداوەندی نەتەوەیی ئاشوریش دراوە بەڵام نازانرێت کام لەو دوانە سەرچاوەی ئەوی دیکە بوە، ناوی شارەکە یان ناوی خوداوەندەکە بوە؟ ناوی ئاشور لە سەرچاوە ئارامیەکان و عەرەبییەکاندا بە ناوی "ئاقور" یان "ئاثور" هاتوە، ئاشور پێش هەزارەی سێیەمی پ.ز لە بەشی باکوری عێراق نەناسرابون، بەڵکو دانیشتوانی ناوچەکە بە "سوبارییەکان" ناودەبران، کاتێک ئاشورییەکان گەیشتنە ناوچەکە، ناوی ئاشوریەکان زاڵ بون و سوبارییەکان لەگەڵ ئاشوریەکان تێکەڵ بون، لەڕوی جوگرافیاوە ئاشور بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق و ڕوباری دیجلە لەباکوری ڕۆژئاوا تا باشوری ڕۆژهەڵات دەگرێتەوە، ئەستەمە سنوری ئاشور دیاری بکرێ ئەویش بەهۆی ئەو هەڵکشان و داکشانە بەردەوامەی لە بارودۆخی سیاسی و کاریگەریی دەوڵەت و وڵاتانی دراوسێدا هەیبوە، قۆناغی مێژویی ئاشوریەکانیش بەو جۆرەیە: ئاشوری کۆن ٢٠٠٦ – ١٥٢١ پ.ز، ئاشوری ناوەڕاست ١٥٢١ – ٩١١ پ.ز، ئاشوری نوێ ٩١١ – ٦١٢ پ.ز، بڕوانە: (باقر & عبدالواحد & سلیمان،١٩٨٧: ٢٠١ - ٢٠٢).

(١٧) - **ئامورییەکان:** هۆزەکانی مارتو (ئامۆرییەکان) لە سەردەمی پاشا شو - سن، پاشای چوارەمی ئەم بنەماڵەیە زیاتر دەردەکەوێ، بە چونە ناو سۆمەر بە ژمارەیەکی زۆر و شکاندنی قەڵاکانی دەوروبەری شارەکان و دواجار تێکدانی دۆخی سیاسی و ئابوری ئیمپراتۆریەتی ئوری سێیەم کە ئاسانکاری بۆ دارمانی لە دەستی عیلامییەکان کرد، وشەی ئامورو کە بەم هۆزانە دراوە، بە واتای "ڕۆژئاوا" دێت، زانراوە کە ئەم هۆزانە لە شام نیشتەجێ بون، ئامورییەکان بە دو شەپۆلی سەرەکی کۆچیان کردوە بۆ عێراق، شەپۆلی یەکەم لە سەردەمی ئەبی سین کە دوا پاشای بنەماڵەی ئوری سێیەم بو، شەپۆلی دوەم لە ناوچەکانی سەرەوە و ناوەڕاستی فوراتەوە سەدەیەک دوای شەپۆلی یەکەم هاتن و لە ئەنجامدا بنەماڵەی دەسەڵاتدار لە بابل بە سەرکردایەتی یەکێک لە کەسایەتیەکان بە ناوی سومو - ئابوم دامەزرا، گرنگترین ئەو بنەماڵانەی ئامورییەکان دایانمەزراندون، ئەمانەن: بنەماڵەی ئیسن، بنەماڵەی لارسا، بنەماڵەی ئەشنۆنا، بنەماڵەی ماری، بنەماڵەی یەکەمی بابلی، بنەماڵەی ئاشورییەکان، (باقر & عبدالواحد & سليمان،١٩٨٧ :١٦٩ - ١٧١).

(١٨)- **تەفرید**: قۆناغێکی نێوان فرەخواوەندی و یەکتاپەرستییە، چونکە باوەڕبون بە بونی خوداوەندێک لەخۆدەگرێت بەبێ ئەوەی ڕێگری لە باوەڕبون بەخوداوەندەکانی دیکە بکات، واتە دیاردەی فرە خوداوەندەکان شانبەشانی پەرستنی خوداوەندێکی دیاریکراو دەمێنێتەوە کە مرۆڤەکان زیاتر لەوانی تر ڕێزی لێدەگرن، لەکاتێکدا یەکتاپەرستی نکۆڵی لە بونی خوداوەندەکانی تر دەکات، (الدباغ،١٩٦٧: 103).

(١٩)- **کاشیەکان:** کاشیەکان خۆیان بەیەکێک لەو گەلە دیارانەی ڕۆژهەڵاتی کۆن دادەنێن کە لە ماوەی (هەزارەی دوەمی پ.ز)دا ڕۆڵیان هەبوە لە ڕوداوە سیاسییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا، سەردەمەکەیان بە یەکێک لە سەردەمە گرنگەکانی مێژوی عێراقی کۆن بە تایبەتی و مێژوی ڕۆژهەلات بە گشتی دادەنرێ، ناوی کاشیەکان لە چەندین سەرچاوەی مێژویی بە فۆرمی جیاوازو لە سەردەمی جیاواز ئاماژەی پێکراوە، یەکەم ئاماژە بە ناوی کاشیەکان لە دەقەکانی سەدەی بیستەمی پ.ز دا هاتوە، کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حاکمی ئیلامی پوزور- ئەنشو شیناک، کە ئاماژە بە خاکێک کراوە کە دەکەوێتە باکوری عیلام ناسراوە بە (کاششن)، لەبارەی زێدی کاشیەکانەوە توێژەران نەگەیشتنە ڕای کۆتایی، چونکە بۆچون و دیدگاکان سەبارەت بەو بابەتە جیاواز بون، بەهۆی کەمی سەرچاوەکانی کاشیەکان بەڵام هەندێک لە توێژەران بەبێ پشتبەستن بە بەڵگەی قەناعەت پێکەر بە گەلێکی هیندۆئەوروپیان داناون، لەبارەی زانیاری زۆرتر دەربارەیان بڕوانە ماستەرنامەکی تایبەت بە کاشیەکان: (المزوری، ٢٠٠٢).

(٢٠) - **زەقورە:** زەقورە یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی تەلارسازی لە عێراقی کۆن، وشەی زەقورە بە شێوەی ئەکەدی بە (Ziq – qur - ra- tum) ئاماژەی پێکراوە، هەر زەقورەیەک ناوێکی هەبو کە بە شێوەیەک ناسرابو کە گرنگییەکەی بۆ گەلانی عێراقی کۆن ڕەنگدانەوەی هەبو، بۆ نمونە زەقورەی بابل (بورجی بابل) پێی دەگوترا (E-TEMEN-AN-KI) بە سۆمەری واتا پەرستگای بناغەی ئاسمان و زەوی، زەقورەی سیپار بە(U-NIR) ناسراوە بە واتای تاوەر دێت، وە زەقورەی لارسا ناویان لێنا (E-I-LU-KUGGA) کە بە واتای پلیکانەی پیرۆزی بەهەشت دێت، زەقورەی نفر-نیپور ناوی بە (E.KUR) هاتوە کە بە واتای ماڵی شاخ دێت، لە کاتێکدا زەقورەی شاری ئەریدۆ لە سەرچاوە مێخییەکان بە (E.U.NI) ناسرابو کە بە واتای ماڵی زەقورەکان دێت، زەقورە بریتییە لە تاوەرێک یان بینایەکی بەرز کە لە سێ بۆ حەوت چین پێکهاتوە کە ڕوبەری بنکەکەی چوارگۆشەیە، یەکەم پەرستگا لە بەشی باشوری عێراق لەسەر شێوەی سەکۆ دروستکران، زەقورە لە سەردەمی بوژانەوەی سۆمەریەکان، پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە بۆ دروستکردنی پەرستگایەکی تایبەت بە خوداوەندی شارەکە، لە گرنگترین پەرستگا نێودەوڵەتییەکان کە لە سەروی زەقورەکانەوە دەرکەوتون بریتین لە زەقورەی وەرکا – ئوروک، دواتر زەقورەی ئەریدۆو زەقورەی تەل ئەلعەبید، هۆکارەکانی دروستکردنی زەقورە جۆراوجۆر بون یەکەم بۆ ڕوانگەیەکی فەلەکناسییە کە بۆ چاودێریکردنی جوڵەی ئەستێرەکان بەکاردەهێنرا، یان وەک ڕوانگەی سەربازی بۆ چاودێریکردنی جوڵەی سوپاکان، وە چەند هۆکاری تری ئاینی و ئابوری، (کامل،٢٠١٦: ١٦٦ – ١٦٨).